دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




ژمارە ٧٠٠، شەممە ١٦ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی، ٦ی مەی ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com



خوێندنەوەی هەڵبژاردن لە ... ٤


هاوکێشەی جەنگی نێوان... ٦


دەنگدان بۆ بەردەوامیی ڕا وڕووت... ٧


تاوتوێ کردنی هەڵبژاردن لە... ٩


# بەرەو بایکۆت




سەرەڕای پڕوپاگەندە و هەوڵی چڕ و پڕ و بەردەوامی سەرانی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ گەرم کردنی هەرچی زیاتری تەنووری هەڵبژاردنەکان کە بڕیارە ڕێکەوتی ٢٩ی بانەمەڕ بەڕێوە بچێت، ڕێژەی ئەو لایەنانەش کە ئەم شانۆگەرییە بایکۆت دەکەن ڕۆژانە زیاتر و زیاتر دەبێت.

ڕێکەوتی ٧ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٧ی ئاوریلی ٢٠١٧ی زایینی، ٦ لایەنی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە بریتین لە : "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) وهاوڕێیانی پێشوو لە بەیانییەکی هاوبەشدا هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ڕێژیمی ئێرانیان بایکۆت کرد.

لە بەشێک لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: ئەوەی بەناوی هەڵبژاردن لەم ڕۆژەدا، لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەڕێوە دەچێت، بە هیچ پێوەرێکی دێموکراتیك و ئەورۆیی ناتواندرێت ناوی هەڵبژاردنی ئازادی لەسەر بێت. لەبارودۆخێکدا کە حیزبە سیاسییەکانی نەیاری ڕێژیم قەدەغە کراون، ڕادەربڕینی ئازاد لە هەموو ئێران تاوانە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە سەرەتاییترین مافی نەتەوایەتی و ئینسانیی خۆیان بێبەش کراون، ئەم بەناو هەڵبژاردنە بە واتای بێ‌ماف کردنی کۆمەڵانی خەڵك لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانە و یەکێك لە هۆکارەکانی درێژ کردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و نیزامی سەرەڕۆ و داپلۆسێنەرە لە ئێران.

لە درێژەشدا وەک داواکارییەک ڕوو لە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان هاتووە: داوا لە هەموو خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەین وەکوو کاردانەوەیەکی لێبڕاوانە بەرانبەر بەم هەمووە بێ‌مافییە، لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕدا بەشداری نەکەن.

بە بەشداری نەکردنی خۆتان لەم شانۆگەرییەدا پەیامێکی ڕوون لە ئێرادە و یەکدەنگیی خۆتان بەرانبەر بە ڕێژیمێك کە مافە ئینسانی و ڕەواکانی ئێوە پێشێل دەکات، بە جیهان ڕابگەیەنن. بایکۆت کردنی یەکدەنگی ئەو بەناو هەڵبژاردنە لەهەمانکاتدا ڕێگایەکە بۆ پێشگرتن لە داسەپاندنی هەر چەشنە فشار و سەرکوتێك بەبۆنەی هەڵبژاردن.

داوا لە هەموو چالاکانی بواری خەباتی کۆمەڵایەتی و مەدەنی، تێکۆشەرانی سیاسی، لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکان دەکەین کە لە پێناوی بەجێهێنانی ئەرکی ئازادیخوازانەی خۆیان، هەڵسوڕاوانە بەدەم ئەم بانگەوازەوە بێن و ڕیزەکانی ئەم یەکدەنگییە بەهێزتر بکەن.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاگەیەندراوە هاوبەشە کە لە چەشنی خۆیدا کەم وێنەیە، جگە لە چالاکانی سیاسیی نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات و دەرەوەی وڵات، چەند لایەنی دیکەش پەیوەست بە کاروانی بایکۆت بوون؛ ڕێکەوتی ١٥ی بانەمەڕ کۆمەڵێک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی کرماشان بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک ڕایانگەیاند، بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا ناکەن.

لە ڕاگەیەندراوی ئاماژەبۆکراودا هاتووە: دیسان چوار ساڵ لە تەمەنی پڕ لە شوورەیی ویلایەتی فەقیهـ لە هەڵبژاردنەکانی شۆرای شار و سەرکۆماری کۆتایی پێ‌هاتووە. پێویست بە دووپات کردنەوە ناکات کە ئەو چوار ساڵەی کۆتایی جیا لە جینایەت و سەرکوت و زیندانی کردنی ئازادیخوازان و ئێعدام هیچ شتێکی دیکەی بۆ خەڵکی زوڵم لێکراو پێ‌نەبوو؛ لەو پێوەندییەدا ئێمە کۆمەڵێک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی کرماشان هیچ بایەخێک بە بەڕێوەبەرانی ئەو شانۆیە نادەین و لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی ناکەین؛ چوونکە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بە تەئیدی ئێعدام، کوشتار، دوورخستنەوە و زیندانی کردنی ئازادیخوازان دەزانین.

هەر لەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵێک لە مامۆستایانی شاری پاوەش بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک پشتیوانیی خۆیان لە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و شۆرای شار و گوندەکانی ڕێژیم دەربڕی و وێڕای باس کردن لە دەستەبەندییە ڕواڵەتییەکانی ڕێژیم بۆ فریودانی خەڵک، داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد بە نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان جارێکی دیکە وەفاداریی خۆیان بە حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەربڕن و دێموکراسی و ئازادییە دیاریکراوەکان لە مافەکانی مرۆڤدا پیشان بدەن.

جگە لە لایەنە کوردستانییەکان ڕێکەوتی ١٠ی بانەمەڕیش بەشێک لە هۆزە بەناوبانگەکانی بەلووچستان کە بەشێکیان بریتین لە بەراهوویی، مۆحەممەد حەسەنی، عەلەم خان و خۆدانوورخان، هاوشێوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان تەحریم کردنی هەڵبژاردنەکانیان بە هەڵوێستی فەرمیی خۆیان زانی و وێڕای بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنەکان لە ئێران ڕایانگەیاندووە کە؛ ئێمە خەڵکی بەلووچ هیچکات لە شانۆی گاڵتەئامێزی ڕێژیم بەناوی هەلبژاردن بەشداری ناکەین و خوێنی شەهیدەکانمان لەبیر ناکەین.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەشیاندا بڵاویان کردۆتەوە: هەروەک دەزانن ٤ دەیە لە تەمەنی پڕ لە شوورەیی حاکمە نەشیاو و زاڵمەکان بەسەر ئەم نیشتمانەدا تێدەپەڕێ و هەموو کات ئەم تاڵانکارانە بە وەڕێخستنی شانۆی هەڵبژاردن خەڵکی بێ مافیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگ ڕاکێشاوە تاکوو ڕەوایی بۆخۆیان وەدەست بێنن کەواتە با ئێمە ئەم ڕەواییەیان پێ نەدەین.

لەلایەکی دیکەشەوە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕوو لە گەلانی زوڵملێکراوی ئێران، هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و شۆرای شار و گوندەکانی بایکۆت کرد.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ داوا لە هەموو نەتەوە زوڵملێکراوەکان و هەموو ئازادیخوازەکان، چالاکانی مەدەنی و سیاسیی ئێران دەکات کە لە بەرانبەر ئەو زوڵم و ئازادی کوژییەی ڕێژیم، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕدا بەشداری نەکەن و بە کردەوەی خۆیان پەیامێکی ڕوون بە ڕێژیم و خەڵکی ئازادیخوازی جیهان بدەن. ڕێژیمێک کە ترسی لە هیچ سەرکوت، جیاوازی و جینایەتێک نیە. بایکۆتی هاوئاهەنگ و هەمە لایەنەی شانۆی هەڵبژاردنەکان، لە لایەن نەتەوەکان و هەموو ئازادیخوازەکانی ئێران دەتوانێت ڕێگایەک بێت بۆ پێشگرتن لە سەرکوت و گوشاری زیاتر بە بیانووی هەڵبژاردنەکان، و هەم بە ڕیسالەتی ئازادیخوازانەی خۆیان عەمەل بکەن.

هەر لەم چوارچێوەیەدا گرووپی "اتحاد برای دمکراسی در ایران" ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٥ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی لە بەیانییەکەدا هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ڕێژیمی بە "شانۆ" وەسف کردووە و داوای لە هێزە دێموکراسی‌خواز و چالاکانی سیاسی کردووە کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا نەکەن.

لە بەشێکی ئەو بەیانییەدا هاتووە: "ئەگەر لە ڕابردوودا، بەشداریی هەڵبژاردنەکان بە مانای دیاریکردنی خراپ و خراپتر بووە، بەڵام ئەمڕۆ ڕاستییەکان دەرخەری ئەوەن کە هەڵبژاردنەکان مانای لانیکەمی خۆیشی لە دەست داوە و هەروەها هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامیدا تەنیا لە چوارچێوەی کەسانی سەر بە ویلایەتی فەقیهـ ئەنجام دەدرێت و تەواو مەهەندیسی کراوە".

هەر لەم ڕاستایەشدا شاهین زەوقی تەبار زیندانیی سیاسی لە زیندانی گەوهەردەشت و ئەرژەنگ داوودی زیندانی سیاسی لە زیندانی زابۆل هەر کام بە جیا شانۆگەریی ئاماژەبۆکراویان تەحریم کرد و داوایان لە خەڵک کرد کە "نا"یەکی بەهێز بدەن بە داخوازی ناڕەوای داگیرکەرانی ویلایەتی فەقیە.

## پەیڤ

### ئامانجی ئێمە

**کەریم پەرویزی**

"ئێمە کە بە دڵنیانا نەدەهات خاوەنی چاپخانە و ئینتشارات بین؛ ئەوا بە یارمەتی خودا نامەی کوردستان داندرا و هەوەڵ ژمارەی بڵاو کراوە، ئەم نامەیە کە لە لایەن حزبی دێموکراتی کورستانەوە بڵاو دەبێتەوە دەیەوێ قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناغەکەی بە زانست و هونەر و لەشساغی داندرابێ و بتوانێ دەگەڵ سێڵاوی دوبەرەکی و بێدینی و هەموو جۆرە ڕەوشتێک کە بۆ سەربەستی زەرەر بێت بەربەرەکانێ بکا، هیوامان وایە ئەم قەڵایەی کە خەریکین قایمی بکەین؛ وەها قایم و بەهێز بێت کە هیچ هێزێک نەتوانێ بەربەرەکانی لەگەڵا بکا." سید محمد حمیدی

ئەمە سەروتاری ژمارە یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستانە کە ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٢٠ بەرانبەر بە ١١ی ژانویەی ١٩٤٦ لە مەهاباد پێتەختی کۆماری کوردستان بڵاو کرایەوە.

ئەم قەڵایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دایمەزراند و بناغەی دانا، ٧٠ ساڵە کە بەپێوەیە و نەک مەترسیی ڕووخانی لەسەر نیە، بەڵکوو لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژ و مانگ و ساڵدا، پتەوتر و قایمتر لە جاران، دەبێ بە قەڵای بەرخۆدانی ڕووناکبیری و هزری و چاوی وشیار و تیژی کۆمەڵگای کوردستان.

٧١ ساڵ بە سەر بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی کوردستان و ٧١ ساڵ بەسەر دامەزراندن و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا تێپەڕیوە و ئەم ژمارەیەی کوردستان دەبێتە ژمارەی ٧٠٠. لە ڕاستیدا دەبێتە حەوت سەد نهۆمی سەرووەری و خانەی تۆماری ئازار و خولیاکانی نەتەوەیەکی خەباتکار و خاوەن ئیرادە وەک نەتەوەی کورد.

ڕۆژنامەی کوردستان هەر وەک لە سەردێڕە سەرەتاییەکانی سەید محەممەدی حەمیدیی نەمردا هاتووە، بۆتە قەڵایەکی ئاسنین بۆ ئەوەی نەتەوەیەک خەونەکانی سەربەستیی تێدا ببینێ. بۆ ئەوەی کە ئەم نەتەوەیە لەگەڵ سەردەمدا خۆی ڕێک بخا و لە ئامرازی سەردەم کەڵک وەربگرێ و قەڵایەک لە یەکڕیزی، لەسەر بناغەی زانست و هونەر و تەندروستیی کۆمەڵایەتی بونیات بنێ.

ئامانجی ڕۆژنامەی کوردستان، ئەوە بووە کە زمانی پاراوی نەتەوەیەک بێ کە دەیانەوێ زمانەکەی بسڕنەوە. ئامانجی ئەوە بووە کە پێشکەوتن و زانستی سەردەم و دەسکەوتی نەتەوەکانی دیکە بکاتەوە بە زمانی نەتەوەیی و نەتەوەی کوردی لێ ئاگادار بکاتەوە. ئامانجی ئەوە بووە کە هەم ڕێز لە هونەر بگرێ و هەم هونەری کوردستان گەشە بستێنێ و لەو پێناوەدا چیی لە دەست دێ وەگەڕی بخا.

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە بەڕێوەچوونی شازدەهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب، شازدەهەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگرانی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە برد.

پلینۆم کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢٩ی ئاوریلی ٢٠١٧ی زایینی بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

لە سەرەتای کارەکانی پلینۆمدا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات مستەفا هیجری باسێکی لە پێوەندی لەگەڵ دەستووری کاری پلینۆم کە پێشتر بە ئاگاداریی بەشدارانی پلینۆم گەیشتبوو پێشکەش کرد و پاش پەسندکردنی دەستووری کاری پلینۆم خاڵەکانی جێگرتوو لە دەستووری کاردا کەوتنە بەرباس و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

بڕگەی یەکەمی بابەتەکانی پلینۆم باس لەسەر گەڵاڵەیەک بوو کە بەڕێز سکرتێری گشتی سەبارەت بە پێویستیی ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی حیزبدا کە پێشتر بۆ ئەندامانی ڕێبەریی حیزب ناردرا بوو، تەرخان کرا و لەو بارەوە زۆربەی هەرە زۆری بەشدارانی پلینۆم وێڕای پێداگری لەسەر پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی حیزبدا، ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕی و پاش ڕاوبۆچوونی بەشداران و کۆبەندی باسەکان، بە پێویست زانرا کە بۆ ڕاوێژی زیاتر لەو پێناوەدا ڕاوبۆچوونی دڵسۆزان، بە تایبەت ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر گۆڕینی پێکهاتەی حیزب و، هەر گەڵاڵەیەکی دیکە کە لەو پێوەندییەدا بێتە ئاراوە وەربگیرێ و هەیئەتێک کە لە چەند ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێکهاتووە، پاش تاوتوێ کردنی ڕاوبۆچوون و پێشنیار و گەڵاڵەکانی گەیشتوو، لە ماوەیەکی دیاریکراودا گەڵاڵەیەک بۆ ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی حیزب بە مەبەستی پێشکەش کردن بە کۆنگرەی شانزدەهەمی حیزب بە پەسندی کۆمیتەی ناوەندی بگەیەنێ.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری پلینۆمدا بەرپرسی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە ڕاپۆرتێکی لەسەر کاروباری پێوەندیدار بە کۆنگرەی ١٦ی حیزب بە تایبەت چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسەکان و ئاکامی هەر کۆنفرانسێک پێشکەش بە بەشدارانی پلینۆم کرد و ڕێبەرایەتی حیزبی لە چەندوچۆنی بە ئەنجام گەیشتنی کارەکانی کۆنگرە ئاگادار کرد، پلینۆم دوای قامک دانان لەسەر هێندێک کەم و کووڕی لەو پێوەندییەدا، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی پەسند کرد.

بابەتێکی دیکەی دەستووری کاری پلینۆم بریتی بوو لە هەڵوێستی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کە بە پێی ئەو بڕیارە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێنج حیزب و لایەنی سیاسیی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات پاش هەڵسەنگاندن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و بە سەرنجدان بە بێ کەڵک بوونی ئەو هەڵبژاردنانە بایکۆتیان کرد بوو.

بەشدارانی پلینۆم بە ئاماژەکردن بەو ڕاستییە کە ئەم شانۆگەرییانە بە ناوی هەڵبژاردن، لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە بە شێوەیەک ڕێک دەخرێن کە بەربژێرەکانی دڵخوازی ڕێژیم لە سندووقەکانی دەنگدان سەر بێننە دەر و، لە کردەوەدا دەبنە نوێنەری ڕێژیم و لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی ڕێژیمدا هەنگاو دەنێن، بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکانیان لەلایەن ئەو شەش حیزب و لایەنە کوردییەی دژبەری ڕێژیمیان پەسند کرد.

بڕگەیەکی دیکەی کاری پلینۆم باس لەسەر "ڕاسان" و پێویستیی درێژەدانی ئەم شێوە لە خەباتی شاخ و شار بوو. بەشدارانی پلینۆم بە خستنەڕووی گرینگیی ڕاسان و هیوابەخشین بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بردنە سەری وره و ئۆگریی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر تیشکی ڕاسان، بەردەوامی و درێژەدانی ئەم شێوە لە خەباتە و بەرینترکردنەوەی بە پێویست و بە ئەرکێکی هەرە گرینگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دانا، بۆ ئەو مەبەستە بە لێکدانەوەی هەمە لایەنەی ئەو بابەتە، لەسەر کۆمەڵێک بەرنامە و ڕێکاری تایبەت بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی ڕاسان ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا و ڕاسپاردە بە ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی حیزب درا.

پلینۆم بە لەبەرچاوگرتنی گرینگیی ڕاسان و سەرنجدان بەو ڕێکار و بەرنامانەی کە پلینۆم لەو پێوەندییەدا دەست نیشانی کردن، بڕیاری دا کە پێکهێنانی کۆنگرەی ١٦ی حیزب لە پێناو جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی پێوەندیدار بە ڕاسان، بۆ ماوەیەک وەدوا بخا.

دوایین بڕگەی کاری پلینۆم تاوتوێ کردنی ڕاپۆرتی هەیئەتەکانی حیزب بوو کە لە ماوەی ڕابردوودا بۆ پێکهێنانی هاودەنگی و لێک نزیک بوونەوەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەگەڵ ئەو حیزب و لایەنانە لە کۆبوونەوە و ڕاوێژدا بوون. پلینۆم وێڕای هەڵسەنگاندنی ئاکامی هەر دانیشتنێک، درێژەی ئەم هەوڵانەی لە پێناو هاودەنگی بە پێویست زانی و لەو بارەوە ڕاسپاردەی خۆی بە دەفتەری سیاسی دا.

شانزدەهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی پاش سێ ڕۆژ کار و باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕا کاتژمێر ١ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ١١ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی بەرانبەر بە ١ی مەی ٢٠١٧ی زایینی کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٢ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی
٢ی مەی ٢٠١٧ی زایینی



# شەش لایەنی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ڕێژیمی ئێرانیان بایکۆت کرد

شەش لایەنی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە درێژەی کۆبوونەوەکانی پێشوویاندا هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ڕێژیمی ئێرانیان بایکۆت کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٧ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی ٦ لایەنی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە درێژەی کۆبوونەوەکانی پێشوویاندا، لە بارەگای کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "محەممەدنەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەشدار بوون.

مەبەست لە کۆبوونەوەکە باس کردن لەسەر هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕ لە ڕێژیمی ئێراندا بوو.

شەش لایەنی بەشدار لەو کۆبوونەوە، لە کۆتاییدا بەو ئاکامە گەیشتن کە تێکڕا هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ڕێژیمی ئێران بایکۆت بکەن.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا هەر هێز و لایەنێک بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی ئەم بایکۆتە لە چوارچێوەی نێوەرۆکی ئەم ڕاگەیەندراوە و بەپێی سیاسەت و بڕیاری خۆی هەنگاو بنێت.

شایانی باسە هاوڕێیانی پێشوو لە ڕێگای ناردنی نامەیەکەوە بۆ کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران ڕایانگەیاند کە؛ دەنگی خۆیان خستە پاڵ بایکۆتی هەڵبژاردنەکە.

دەقی بەیاننامەکە بەم چەشنەیە:

بەیانییەی هاوبەش

کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستان!

کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕی ئەمساڵ، هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری و شۆراکانی شار و دێ بەڕێوە دەبات. ئەوەی بەناوی هەڵبژاردن لەم ڕۆژەدا، لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەڕێوە دەچێت، بە هیچ پێوەرێکی دێموکراتیك و ئەورۆیی ناتواندرێت ناوی هەڵبژاردنی ئازادی لەسەر بێت. لەبارودۆخێکدا کە حیزبە سیاسییەکانی نەیاری ڕێژیم قەدەغە کراون، ڕادەربڕینی ئازاد لەهەموو ئێران تاوانە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە سەرەتاییترین مافی نەتەوایەتی و ئینسانیی خۆیان بێبەش کراون، ئەم بەناو هەڵبژاردنە بە واتای بێ ماف کردنی کۆمەڵانی خەڵك لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانە و یەکێك لە هۆکارەکانی درێژ کردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و نیزامی سەرەڕۆ و داپلۆسێنەرە لە ئێران.

بەم بۆنەوە داوا لە هەموو خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەین وەکوو کاردانەوەیەکی لێبڕاوانە بەرانبەر بەم هەمووە بێ مافییە، لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕدا بەشداری نەکەن. بە بەشداری نەکردنی خۆتان لەم شانۆگەرییەدا پەیامێکی ڕوون لە ئیرادە و یەکدەنگیی خۆتان بەرانبەر بە ڕێژیمێك کە مافە ئینسانی و ڕەواکانی ئێوە پێشێل دەکات، بە جیهان ڕابگەیەنن. بایکۆت کردنی یەکدەنگی ئەو بەناو هەڵبژاردنە لەهەمانکاتدا ڕێگایەکە بۆ پێشگرتن لە داسەپاندنی هەر چەشنە فشار و سەرکوتێك بەبۆنەی هەڵبژاردن.

داوا لە هەموو چالاکانی بواری خەباتی کۆمەڵایەتی و مەدەنی، تێکۆشەرانی سیاسی، لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکان دەکەین کە لە پێناوی بەجێهێنانی ئەرکی ئازادیخوازانەی خۆیان، هەڵسوڕاوانە بەدەم ئەم بانگەوازەوە بێن و ڕیزەکانی ئەم یەکدەنگییە بەهێزتر بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکیشانی کوردستانی ئێران
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵە(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)
هاوڕێیانی پێشوو

٧ ی بانەمەڕی ١٣٩٦
٢٧ی ئاوریلی ٢٠١٧

# کۆمەڵێک کوڕ و کچی شۆڕشگێڕ پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون



پۆلێک لە لاوانی شۆڕشگێڕ و قارەمانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، پاش تێپەڕاندنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە، چەکی بەرگری لە خاک و نیشتمانیان لە شان کرد.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٤ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٢٤ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە بناری "هەڵگورد" لە فێرگەی شەهید سەروان "چەکۆ" بەڕێوە چوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، فەرماندەکانی هێزی تایبەت و بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

سەرەتای جێژنی کۆتایی دەورەی سیاسی و نیزامی بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر "سدیق دەرویشی"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی کردن لە بەشداربووانی دەورە، بەم بۆنەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

پاشان سروودێکی شۆڕشگێڕی لە لایەن گرووپی سروودی دەورەی ٢٢٤ی سەرەتاییەوە پێشکەش کرا.

دواتر ڕاپۆرتی ئامووزشیی دەورە لە لایەن "بوداغ بوداغی" مامۆستای فێرگە خوێندرایەوە.

پاشان ٣ پێشمەرگەی بەشداری دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە سروودێکیان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا، پەیامی دەورە لە لایەن بەشداربووی دەورە "عەلی مەولان نژاد" پێشکەش کرا.

بەپێی نەریتی فێرگەی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەفەراتی یەکەم تا سێهەمی دەورە کە لەباری تاقیکارییە سیاسی و نیزامییەکانەوە پلەی نێونجیان بەدەست هێنابوو خەڵات کران.

سێ نەفەری یەکەم بریتی بوون لە "عەلی مەولان نژاد"، "هێرش مینبەری" و "فەهیمە دوستی" کە لە لایەن "سدیق دەرویشی"ەوە خەڵاتیان پێشکەش کرا.

هەروەها سێ کەسی یەکەم لە بواری نەزم و دیسیپلینەوە بریتی بوون لە "هادی شێخە"، "سەید ئەمیر ئەحمەدی" و "تەییب ئازەری" کە خەڵاتەکانیان لە لایەن "کاروان شەرەفی" سکرتێری یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی جێژنی کۆتایی دەورەی ٢٢٤ی سەرەتایی پێشمەرگەدا ئەو کەسانەی کە لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی دەورەدا بە باشی کارەکانیان ڕادەپەڕاند لە لایەن یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خەڵات کران.

ئەو کەسانە بریتی بوون لە "عەلی محەممەد زادە، عوسمان مەولا نژاد، قادر سۆفی قۆیتاسی، ناسر ڕەحمانی، دڵنیا عەزیز مورادی، سوبحان ئەحمەدی، سیروان کەمانگەر، ئیبراهیم ئەحمەدی و سدیق وەیسانی"، کە لە لایەن "سەلام ئیسماعیل پوور" ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی خوێندکارانەوە خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا.

# سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات له ساڵرۆژی له‌دایکبوونی پێشه‌وادا سێمینارێکی له خوێندنگه‌ی پێشه‌وا به‌ڕێوه برد



مسته‌فا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له ساڵرۆژی له‌دایکبوونی پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌د، سێمینارێکی له خوێندنگه‌ی پێشه‌وا له شاری کۆیه به‌ڕێوه برد.
له ساڵرۆژی له‌دایکبوونی پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌د، یه‌که‌م سه‌رکۆماری کوردستان، مسته‌فا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له‌گه‌ڵ هه‌یئه‌تێکی حیزبی دێموکرات سه‌ردانی خوێندنگه‌ی بنه‌ڕه‌تیی پێشه‌وا له شاری کۆیه کرد.
هیجری له‌و سه‌ردانه‌دا له‌گه‌ڵ به‌ڕێوه‌به‌ر، مامۆستایان و خوێندکارانی خوێندنگه‌که دیداری کرد و سێمینارێکی له سه‌ر که‌سایه‌تیی پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌د بۆ خوێندکارانی خوێندنگه‌که پێک هێنا.
له‌و سه‌ردانه‌دا مامۆستا "ڕه‌نج" به‌ڕێوه‌به‌ری په‌روه‌رده‌ی کۆیه سپاسی مسته‌فا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد که سه‌ردانی خوێندنگه‌ی پێشه‌وای کردووه و گوتی جێگای شانازیی ئێمه‌یه که سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سه‌ردانی خوێندگایه‌کی کردووه که ناوی نراوه "پێشه‌وا".
پاشان مسته‌فا هیجری وێڕای سپاس له به‌ڕێوه‌به‌رانی په‌روه‌رده‌ی کۆیه و خوێندنگه‌ی پێشه‌وا، سپاسی کردن که وشیاریی نه‌ته‌وه‌ی کورد له هه‌ر چوار به‌شی کوردستان گیان فیدایی و زه‌حمه‌ته‌کانی ڕێبه‌رانی له یاد ناکات.
هیجری له‌و سێمیناره‌دا بۆ خوێندکارانی خوێندنگه‌که باسی که‌سایه‌تی و ده‌ور و نه‌قشی پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌د له مێژووی کورددا کرد و دواتر به هاوڕێیه‌تی به‌ڕێوه‌به‌رانی په‌روه‌رده و مامۆستایانی خوێندنگه‌که سه‌ردانی چه‌ند پۆلێکی کرد و له نزیکه‌وه له‌گه‌ڵ خوێندکاران دوا و باسی له‌وه کرد که؛ به خۆ پێگه‌یاندن و چه‌کی زانست داهاتووی کوردستان پڕشنگدار بکه‌ن.
له کۆتاییدا خوێندکاران سپاسی مسته‌فا هیجریان کرد و هیوایان خواست ڕێبه‌رانی ئێستای نه‌ته‌وه‌که‌مان له نزیکه‌وه ئاشنای کار و چالاکیی خوێندکارانی کورد بن و سه‌ردانیان بکه‌ن.

# وته‌بێژی حدکا: هێرشی تورکیه پاساو هه‌ڵگر نیه

حه‌سه‌ن شه‌ره‌فی، وته‌بێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له ڕاگه‌یه‌ندراوێکدا بڵاوی کرده‌وه؛ ئۆپێراسیۆنی هێرش بۆ سه‌ر خاکی هه‌رێمی کوردستان له‌لایه‌ن ئه‌رته‌شی وڵاتێکی دراوسێوه، به هیچ پێوه‌رێکی یاسایی ناتوانێ پاساوهه‌ڵگر بێ و به کرده‌وه‌یه‌کی نه‌شیاو داده‌نرێ.
ده‌قی به‌یانییه‌که:
کاتژمێر ٢ی به‌ره‌به‌یانی ڕۆژی سێشه‌ممه ڕێکه‌وتی ٥ی بانه‌مه‌ڕی ١٣٩٦ی هه‌تاوی (به‌رانبه‌ر به ٢٥ی ئاوریلی ٢٠١٧ی زایینی) هێزی هه‌وایی ئه‌رته‌شی تورکیه ئۆپێراسیۆنێکی به‌رفراوانی هه‌وایی بۆ سه‌ر بنکه‌وباره‌گاکانی پێشمه‌رگه‌ی هه‌رێمی کوردستان و گریلاکانی PKK و شه‌رڤانانی ڕۆژئاوا له شه‌نگال به‌ڕێوه‌برد، که ژماره‌یه‌کی به‌رچاو شه‌هید و برینداری لێکه‌وته‌وه و زیانێکی زۆریشی به دامه‌زراوه نیزامیه‌کانی هه‌ر دوولا گه‌یاند، ئه‌و ئۆپێراسیۆنه بۆ سه‌ر خاکی هه‌رێمی کوردستان له‌لایه‌ن ئه‌رته‌شی وڵاتێکی دراوسێوه به هیچ پێوه‌رێکی یاسایی ناتوانێ پاساوهه‌ڵگر بێ و به کرده‌وه‌یه‌کی نه‌شیاو داده‌نرێ.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای ده‌ربڕینی پژاره‌ی خۆی، پرسه و سه‌ره‌خۆشی له بنه‌ماڵه‌ی شه‌هیدانی ئه‌و ڕووداوه ده‌کا و چاک بوونه‌وه‌ی هه‌رچی زووتری زام هه‌ڵگرتووه‌کانی به ئاوات ده‌خوازێ.



# ڕێژیمی سه‌رکوتگه‌ری ئێران هه‌ڕه‌شه له بنه‌ماڵه‌ی پێشمه‌رگه‌کان ده‌کات

به‌رپرسانی ئیداره‌ی ئیتلاعاتی ڕێژیم له شاری پاوه له ڕێگه‌ی جۆراوجۆره‌وه هه‌وڵی بێڕێزی کردن و شکاندنی که‌سایه‌تیی بنه‌ماڵه‌ی شه‌هیدان و پێشمه‌رگه‌کانی کوردستان ده‌ده‌ن.
ڕۆژی شه‌ممه ڕێکه‌وتی ٢ی بانه‌مه‌ڕی ١٣٩٦ی هه‌تاوی، به‌رپرسانی ئیداره‌ی ئیتلاعاتی ڕێژیم له شاری پاوه سه‌ر به‌ر پارێزگای کرماشان به‌شێک له بنه‌ماڵه‌ی پێشمه‌رگه و شه‌هیدانی بانگهێشت کردووه و پێی ڕاگه‌یاندوون که کوڕ و کچه‌کانتان واز له پێشمه‌رگایه‌تی بێنن.
به‌رپرسانی ئیداره‌ی ئیتلاعات هه‌ڕه‌شه‌یان له بنه‌ماڵه‌ی پێشمه‌رگه‌کان کردووه که؛ ئه‌گه‌ر منداڵه‌کانتان واز له پێشمه‌رگایه‌تی نه‌هێنن به جێگای ئه‌وان ئێوه سزا ده‌ده‌ین.
به‌رپرسانی ئیتلاعاتی ڕێژیم بێڕێزی زۆریان به شه‌هید دوکتور قاسملوو کردووه.
به‌رپرسانی ناوه‌نده ئه‌منییه‌تی و نیزامییه‌کانی ڕێژیمی ئێران له کوردستان به‌رده‌وام له ڕێگه‌ی ده‌ست و پێوه‌ندییه‌کانیانه‌وه و هه‌روه‌ها به شێوه‌ی ته‌ماح وه‌به‌رنان و به هه‌ڕه‌شه کردن، زه‌خت و گوشار ده‌خه‌نه سه‌ر بنه‌ماڵه‌ی کادر و پێشمه‌رگه‌کانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تا کوو ڕۆڵه‌کانیان هان بده‌ن ڕیزه‌کانی حیزب به‌جێبهێڵن.
هاوینی ساڵی ڕابردووش ئیداره‌ی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران له شاری پاوه له تۆڕه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان و تۆڕی تێلگرام‌دا داوای له خه‌ڵکی هه‌ورامان کردبوو که دژی پێشمه‌رگه‌کانی حیزبی دێموکرات سیخوڕی بکه‌ن و شوێن و جێگای پێشمه‌رگه‌کان له ناوچه‌دا ئاشکرا و به ئیداره‌ی ئیتلاعات ڕابگه‌یه‌نن.
به‌رپرسانی ڕێژیمی ئێران له دوای خه‌باتی نوێی ڕۆژهه‌ڵات و ده‌سپێکی ڕاسان به‌رده‌وام له ڕێگای جۆراوجۆره گوشار بۆ بنه‌ماڵه‌ی پێشمه‌رگه‌کان دێنن و هه‌ڕه‌شه‌یان لێ ده‌که‌ن.

# پشتیوانیی به‌رده‌وامی خه‌ڵکی ڕۆژهه‌ڵات له ڕاسان



خه‌ڵکی تێکۆشه‌ر و قاره‌مانی کوردستان بۆ پشتیوانی له ڕاسان به‌رده‌وام چالاکیی ته‌بلیغیی به‌ڕێوه ده‌به‌ن.
ئه‌ندامان و لایه‌نگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی له ڕاسان و خه‌باتی شاخ و شار چالاکیی به‌رینی ته‌بلیغییان به‌ڕێوه برد.
تێکۆشه‌رانی دێموکرات له گوندی "ته‌وریوه‌ر" پشتگیری دووباره‌یان له ڕاسانی ڕۆژهه‌ڵات دووپات کرده‌وه و له‌و پێوه‌ندییه‌دا له هه‌موو به‌رزاییه‌کانی گوند و نێو گوند چالاکیی به‌رینیان به‌ڕێوه برد.
هه‌روه‌ها ئه‌ندامان و لایه‌نگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له شاری تاران، بۆ پشتیوانی له خه‌باتی شاخ و شار له‌و شاره چالاکیی ته‌بلیغییان به‌ڕێوه برد.
تێکۆشه‌رانی دێموکرات له‌و چالاکییانه‌دا له سه‌ر دیواری پادگانه نیزامییه‌کانی ڕێژیمی ئێران دروشمی "مرگ بر خامنه‌ای"یان نووسیووه.

# ترس له ڕاسان ڕۆژ له دوای ڕۆژ زیاتر خۆی ده‌رده‌خات

هاوکات له‌گه‌ڵ ڕۆژی ئه‌رته‌ش ڕێژیم دیسانه‌وه ترسی خۆی له ڕاسانی ڕۆژهه‌ڵاتی ده‌ربڕی.
له چه‌ند ڕۆژی ڕابردوودا، میدیاکانی ئێران گرینگییه‌کی تایبه‌تیان به به‌ڕێوه‌چوونی مانۆڕه‌کانی ڕۆژی ئه‌رتش له شاره جۆراوجۆره‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان داوه. میدیاکانی ڕژیم وێڕای بڵاو کردنه‌وه‌ی وێنه و ویدیۆی هێزه چه‌کداره‌کانیان له کوردستان به شێوه‌ی به‌ربڵاو، له هه‌موو هه‌واڵه‌کاندا هه‌ندێک ڕسته‌یان چه‌ند جار دووپات کردووه که به‌شێکیان ئه‌مانه‌ن: "له به‌رانبه‌ر دوژمنان ڕاوه‌ستاوین و ئیزن به بوونیان ناده‌ین"، "خۆمان ئاماده‌ی شه‌ڕی نیابه‌تی دوژمنان کردووه"، "پێش ئه‌وه‌ی دوژمن بگات به سنووره‌کانمان له ناوی ده‌به‌ین" و ... .
هاوکات ڕۆژی ٢٩ی خاکه‌لێوه که له ئێراندا به ڕۆژی ئه‌رتش ناودێر کراوه، فه‌رمانده‌ی هێزی زه‌وینیی ئێران، وێڕای ئاماژه به‌وه که "هێرش باشترین به‌رگریه"، ڕایگه‌یاند که؛ پێکهاته‌ی ئه‌م هێزه ده‌گۆڕین بۆ هێزی هێرشبه‌ر.
به‌پێی ئه‌و هه‌واڵ و زانیارییانه‌ش که به ده‌ست ماڵپه‌ڕی کوردستان میدیا گه‌یشتوون؛ سپای تێرۆریستی پاسداران له چه‌ند ماوه‌ی ڕابردوودا و له به‌ره‌به‌ری ده‌سپێکی قۆناغی نوێی ڕاسان، چه‌ک و که‌ره‌سته‌ی نیزامی جۆراوجۆریان له شوێنه‌کانی دیکه‌ی ئێرانه‌وه بۆ کوردستان ڕه‌وانه کردووه و ته‌نانه‌ت به‌شێک له مۆڵگه کۆن و چۆڵه‌کانیان ئاوه‌دان کردۆته‌وه.
هه‌روه‌ها به‌پێی دوایین هه‌واڵه‌کان، ڕێژیم له ڕۆژی ئه‌رته‌شی ئه‌مساڵدا زیاتر له هه‌موو ساڵێک مانۆڕی سه‌ربازیی له شاره‌کانی کوردستان ئه‌نجام داوه که له هه‌ندێک شوێنی وه‌ک شاری سه‌قزیش بووه‌ته جێگه‌ی گاڵته‌جاڕی خه‌ڵکی سه‌قز و به‌هۆی کۆنیی و به‌که‌ڵک نه‌بوونی که‌لوپه‌له سه‌ربازییه‌کانیان مانۆڕه‌که‌یان لێ شێواوه و ئه‌و که‌سانه‌ی که شاهێدی ئه‌م بابه‌ته بوون به گاڵته‌پێکردنه‌وه سه‌یری بارودۆخه‌که‌یان کردووه.
له‌لایه‌کی دیکه‌شه‌وه له به‌ره‌به‌ری ده‌سپێکی قۆناغی نوێی ڕاسان و خه‌باتی نوێی ڕۆژهه‌ڵاتدا، هێزه دژی گه‌لییه‌کانی ڕێژیم زیاتر له جاران فه‌زای خه‌فه‌قان و پۆلیسییان به‌سه‌ر شاره‌کانی کوردستاندا زاڵ کردووه.
هێزه دژی گه‌لییه‌کانی ڕێژیم له سپای پاسداران و وه‌زاره‌تی ئیتلاعات، وێڕای هێنانی هێزی نوێ له شاره‌کانی دیکه‌ی ئێرانه‌وه بۆ کوردستان، به‌شێک له پایه‌گا کۆنه‌کانیشیان ئاوه‌دان کردۆته‌وه که ماوه‌یه‌کی دوور و درێژ بوو که‌ڵکیان لێ وه‌رنه‌ده‌گرت.
به‌پێی ئه‌م هه‌واڵه، پایه‌گا سه‌ربازییه‌کان له گونده‌کانی سه‌ر سنووری کوردستانی باشوور و ڕۆژهه‌ڵات نۆژه‌ن کراونه‌ته‌وه و به‌رپرسایه‌تی پاراستنی ئه‌و ناوچانه‌ش به کاسه‌لێس و خۆفرۆشه‌کانی ڕێژیم سپێردراوه، که مه‌به‌ست لێی کوژرانی کورد به ده‌ستی کورده.
له‌لایه‌کی دیکه‌شه‌وه به‌پێی ئه‌م هه‌واڵه، وه‌زاره‌تی ئیتلاعات و ئۆرگانه سه‌رکوتکه‌ره‌کان ناوه به ناوه چالاکانی سیاسی و فه‌رهه‌نگی و ژینگه‌یی کورد بانگهێشت ده‌که‌ن و وێڕای هه‌ڕه‌شه کردن لێیان داوای هاوکارییان لێده‌که‌ن.
له‌مباره‌وه ئاشکرا بووه که؛ به‌شێک له‌م داواکارییه بریتی بووه له گه‌یاندنی زانیاری له‌سه‌ر جموجۆڵی پێشمه‌رگه‌کانی کوردستان و هه‌روه‌ها پێشمه‌رگه‌کانی نێوخۆی کوردستان که له ئاستی شاره‌کاندا چالاکی ده‌که‌ن.
هه‌روه‌ها دوایین زانیارییه‌کان باس له‌وه ده‌که‌ن که؛ به‌شی زۆری فه‌رمانده و لێپرسراوانی سه‌ربازیی سپا و ئیتلاعاتی ڕێژیم له کوردستان به بڕیاری تاران گۆڕدراون و که‌سانێکی جینایه‌تکارتر له‌و شوێنانه دانراون و ئه‌مه‌ش بۆ ئه‌وه‌یه که له‌گه‌ڵ ڕوودانی هه‌ر ئه‌گه‌رێکدا به خێراییه‌کی زیاتره‌وه سه‌رکوتی خه‌ڵکی وه‌زاڵه هاتوو بکه‌ن.
هه‌ر له‌م چوارچێوه‌یه‌دا سپای تێرۆریستی پاسداران به‌ وه‌ڕێخستنی چه‌ند گه‌ڵاڵه‌یه‌کی پڕ شووره‌یی وه‌ک "گه‌ڵاڵه‌ی هه‌میاریی مه‌ردومی" و "گه‌ڵاڵه‌ی مه‌حموود کاوه" له چه‌ند شارێکی کوردستان، هه‌وڵی هه‌ڵخه‌ڵه‌تاندنی دانیشتووانی گونده‌کانی کوردستان ده‌دات، تاکوو به دانی پاره زانیارییان لێ وه‌ربگرێت.
هه‌موو ئه‌مانه ته‌نیا پیشانده‌ری ئه‌و ڕاستییه‌ن که ده‌سپێکردنی قۆناغی نوێی خه‌باتی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان له چوارچێوه‌ی "ڕاسان"دا، ڕێژیمی ئێرانی تووشی یه‌کێک له گه‌وره‌ترین قه‌یرانه‌کانی کردووه. ڕێژیم هه‌وڵ ده‌دات به هه‌ر شێوه‌یه‌ك پێش له درێژه پێدانی ڕاسان بگرێت. هه‌روه‌ها ڕێژیم هه‌وڵ ده‌دات که ڕاسان په‌ره نه‌ستێنێت و کپ بێته‌وه، به‌ڵام ڕاسان هه‌نووکه بووه‌ته بیرێکی جێگرتوو له هزری تاکه‌کانی کوردستاندا.

## درێژه‌ی په‌یڤ

ئامانجی ئه‌وه بووه که بڵاوکه‌ره‌وه‌ی ئه‌خلاقێکی خاوێن و شارستیانانه بێ که کۆمه‌ڵگای کوردستان دوور بخاته‌وه له زیانه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان و نزیک بینه‌وه له سه‌ربه‌ستیی نه‌ته‌وه‌یی و کۆمه‌ڵایه‌تی.
ئه‌مانه ئامانجی ڕۆژنامه‌ی کوردستان له سه‌ره‌تاوه و به درێژایی ٧٠٠ ژماره‌ی ئه‌م ڕۆژنامه و له ڕاستیدا ٧٠٠ نهۆمی ئه‌م قه‌ڵا ئاسنینه‌دا بوون که ده‌توانین وه‌کوو پرەنسیپه‌کانی پڕبایه‌خی ئه‌خلاق و ئامانجی ڕاگه‌یاندنی کوردی ناویان ببه‌ین.
بۆ وه‌سه‌ریه‌ک خستنی ئه‌م ٧٠٠ نهۆمه، به‌درێژایی ٧١ ساڵ، به هه‌زاران نووسه‌ر و ڕووناکبیر و کادر و پێرسۆنێلی فه‌ننی و تێکۆشه‌رانی تایبه‌ت به گه‌یاندنی ڕۆژنامه‌ی کوردستان به ده‌ستی ئه‌ویندارانی و ئۆگرانی، له بیری پێشکه‌وتوانه‌یان که‌ڵکیان وه‌رگرتوه و زه‌حمه‌تیان کێشاوه و ڕه‌نجیان داوه و ئاره‌قیان ڕشتوه و ته‌نانه‌ت له‌پێناوی ئه‌و ئامانجانه‌دا شه‌هیدیش بوون. که‌م نین ئه‌و که‌سانه‌ی که به تاوانی له‌گیرفاندا هه‌بوونی له‌تێک له به‌ڵگه‌کانی ڕۆژنامه‌ی کوردستان زیندانی کراون و ئه‌شکه‌نجه دراون و ته‌نانه‌ت له ژێر ئه‌شکه‌نجه‌شدا به‌ده‌ستی جه‌للاده‌کانی په‌هله‌وی و ویلایه‌تی فه‌قیهی، شه‌هید کراون.
به‌ناوی ده‌سته‌ی نووسه‌ران و کارگێڕانی ڕۆژنامه‌ی کوردستانه‌وه ڕێز له ڕه‌نج و تێکۆشانی هه‌موو ئه‌و که‌سانه ده‌گرین که له ماوه‌ی ٧١ ساڵ و ٧٠٠ ژماره‌دا، ئه‌م قه‌ڵا ئاسنینه‌یان پاراستوه و پته‌و و گه‌وره‌یان کردۆته‌وه. یادی هه‌موو تێکۆشه‌رانی سه‌ره‌تا و دواتری درێژه‌ی کاری ڕۆژنامه و ئێستای ئه‌م قه‌ڵا گه‌وره‌یه‌ی کوردستان ده‌که‌ینه‌وه و ڕێزیان ده‌گرین. له ئێستاشدا جیا له ژماره‌ی که‌می پێشمه‌رگه‌کانی نێو سه‌نگه‌ری ڕۆژنامه‌ی کوردستان به ده‌یان که‌س له هه‌موو شوێنێکی دونیادا یارمه‌تیده‌ری پاراستن و گه‌شه‌پێدانی ئه‌م قه‌ڵایه‌ن. ده‌ستی ماندووی هه‌موویان ده‌گوشین و پیرۆزبایی ژماره ٧٠٠، له هه‌موو که‌س له مێژوو و له ئێستادا ده‌که‌ین که ڕۆڵێکیان له پته‌وکردنی ئه‌م قه‌ڵا ئاسنینه‌دا هه‌بووه.

# خوێندنەوەی هەڵبژاردن لە بەستێنی مێژووی سیاسیی ئێراندا





ئارەش ساڵح


هەڵبژاردن لە ئێراندا و هەر لە سەرەتای دەسپێکردنیەوە بەرهەمی پانتایی گشتی کۆمەڵگای فارس و گۆڕانکارییەکانی نێو ئەو پانتاییە بووە. یەکەمین یاسای هەڵبژاردن لە ئێراندا لە ئاکامی بڕیاری مەشروتەی موزەفەرەدین شای قاجار بەدەستی کۆمەڵێک بازاڕیی تاران و مەلای شیعەی فارس بۆ یەکەمین پارلەمانی ئێران دانراوە. ئەو یاسایە کە دەستنیشانی دەکرد کێ مافی هاتن بۆ پارلەمانی هەیە لەسەر دوو ئەساس دانراوە کە گەرەنتی ئەوە دەکات پارلەمان ڕەنگدانەوەی پانتایی گشتی کۆمەڵگای فارسبێت. یەکەمیان لەسەر بنەمای توێژەجیاوازەکانی نێو بازاڕ و دووهەمیان لەسەر ئەساسی فارس بوون؛ واتە بەپێی ئەو یاسایە ئەوانەی کە توانای قسە کردن و نووسین و خوێندن بە زمانی فارسییان نییە ناتوانن بەشداری پارلەمانی ئێران بن. دیارە لەو سەردەمەدا کە هێشتا سیستمی فێرکاری وەکوو کاریگەرترین ئامرازی دەوڵەتی مۆدێڕن بۆ تواندنەوەی جیاوازییەکان نەکەوتبووە دەست حکوومەتی ناوەندی، ئەو یاسایە لە کردەوەدا بە واتای بێبەش کردنی هەموو نافارسەکان بوو. پێکهاتەی مەجلیسی یەکەم تەئییدی ئەو ڕاستییە دەکات کە نەتەوەکانی تر بە شێوەی سیستماتیک لە سیستمی هەڵبژاردن وەلا نران.

دیارە لە کتێبی "ئێران لە نێوان دوو شۆڕشدا"، ئێرڤان ئابراهامیان، بازار لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی تاران و کۆمەڵگای فارسدا پێناسە دەکات و بە جوانی وێنای دەکات. ئەگەر ئەو وێنەیەی کە ئابراهامیان لە بازاڕ وەکوو شوێنێک بۆ کۆبوونەوە، کڕین و فرۆشتن و باسی ڕۆژ و باسی سیاسی دەیکێشێتەوە بخەینە پاڵ ئەو پێناسەیەی کە هابێرماس لە پانتایی گشتی دەکات، بۆمان دەردەکەوێت کە بازاڕ لە کۆمەڵگای فارسی ئەو سەردەمەدا دەتوانێت ئەو شوێنە بێت کە پانتایی گشتی فارسی تێدا بەدی دەکرێت. بەرز بوونەوەی ڕێژەی کڕین و فرۆشتن لەگەڵ ئورووپا لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە و هاتنی تێلێگراف دوو فاکتەری گرینگن کە ئەو پانتاییە تووشی گۆڕانێکی پێکهاتەیی دەکەن کە مەشرووتە و خواستی پارلەمانی لێ دەکەوێتەوە. دیارە زۆرێک لە بیرمەندان بازاڕ وەکوو دەسپێکی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران (بەهەڵە دەڵێن ئێران پێویستە بڵێن کۆمەڵگای فارس) دەناسن کە ئەمە دوور لە ڕاستی نییە لەبەر ئەوەی پانتایی گشتی بەستێنی چالاکیی کۆمەڵگای مەدەنیە.

ئەو پانتاییە بە تەواوەتی پێکهاتەیەکی فارسی بووە و خاوەنی ڕیشە و ڕەگەزی کۆنە. پێکهاتەی بازاڕ لە شارە نافارسەکان بۆ وێنە شارە کوردییەکان وەک شاری سنە دەردەخات کە بازاڕ لە کۆمەڵگای کوردستان جیاوازە لە بازاڕ لە کۆمەڵگای فارسدا و ئەو دوو پێکهاتەیە هەم لەباری فیزیکی و هەم لەباری دامەزراوە یاسایی و عورفییەکانەوە لەیەک دابڕاون. لەلایەکی ترەوە مەلاکانی کوردستان بۆ وێنە ئایەتوڵڵا مەردوخ بە توندی لە دژی مەشرووتە دەبن و لە نێو مەشرووتەدا جێیان نابێتەوە. بۆیە لە ڕاستیدا پانتایی گشتی کوردستان یان بە تەواوەتی لەگەڵ ئەو بابەتە بێگانە بووە یان تا ئەو جێگایەش کە ئاگادار بووە، جێگایەکی لە نێو ئەو گۆڕانکاریانەدا بۆ نەکراوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەرچی بەشێک لە شاری تەوریز و هەندێک لە ڕۆشنبیرە تورکەکانیش لە مەشرووتەدا هەم بە کردەوە هەم بە هزر بەشداریی بەرچاویان بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی مەشرووتە بەرهەمی پانتایی گشتی کۆمەڵگای فارسە، تورکەکان کەمترین ڕۆڵیان هەم لە نووسینی یاسای هەڵبژاردن و هەم لە پێکهاتەی یەکەمین پارلەماندا هەبووە و کەسانێک وەکوو "حیدرخان عمواوغلی" نەیانتوانیوە بچنە پارلەمانەوە. ئەو کەسانە سەرەڕای ئەوەی بەشێک لە گرینگترین چالاکان، ڕۆشنبیران و نووسەرانی ئەو سەردەمە بوون، بەڵام بە بیانووی نەزانینی زمانی فارسی نەیانتوانیوە بڕۆنە نێو پارلەمانەوە و بۆ هەمیشە لە پەراوێزدا مانەوە و لە تورکەکانیش ئەو کەسانە ڕۆڵیان پێ درا کە پیادە نیزامی دامەزراوە سەرەکیەکانی نێو پانتایی گشتی کۆمەڵگای فارس بوون.

بۆیە لە ڕاستیدا هەڵبژاردن و هەموو دامەزراوە مۆدێڕنەکانی دەوڵەت لە ئێراندا بەرهەمی پانتایی گشتی کۆمەڵگای فارسن و لە ژێر کاریگەریی ئەو پانتاییە گشتیە کارکردیان و چوارچێوەیان دیاری دەکرێت.

جیاوازیی پێکهاتەیی پانتایی گشتیی کۆمەڵگای فارس و کورد لەم سەردەمەشدا خۆی بە زەقی دەنوێنێت. لە ڕاستیدا ئەوەی کە کوردستان لەپێوەندی لەگەڵ جووڵانەوەی سەوز بێ لایەن بوو و تەنانەت هاودەردیشی لەگەڵ بزووتنەوەی سەوز نەکرد، خۆی لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت و هەروەها بەو مانایەیە کە ئەو باس و بابەتانە کە لەو دوو پانتایەدا دێنە ئاراوە بە تەواوەتی جیاوازن و بە هیچ شێوە لەگەڵ یەک نایەنەوە.

ئەو سیاسەتەی کە پانتایی گشتی کۆمەڵگای فارسی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە سیاسەتێکە کە میحوەرەکەی پیاوی فارسە و تەنیا کێشەکان و نیگەرانییەکانی پیاوی فارس لەوێ دێنە بەرباس. هەر بەو نیسبەتەش ئەو چەمکە سەرەکیانەی کە کەڵکەڵە و چارەسەر دیاری دەکەن لە چوار چێوەی گوتاری باوک سالاری فارس میحوەر خۆیان دەردەخەن. هەر بۆیەش هەڵبژاردن و هەموو دامەزراوە سیاسییەکانیش لە ژێر کاریگەریی ئەو چەمکانە ڕۆڵ و کارکردی خۆیان دەنوێنن.

بۆ وێنە ئەوەی لە چوارچێوەی پانتایی گشتی فارسدا ڕۆڵەکان و چەمکە بنەڕەتییەکانی واتا دەکات، بە بینینی ڕۆحانی و ڕەئیسی پێی وایە فەزا دووجەمسەری کراوەتەوە و لە ڕاستیدا کێشە سەرەکییەکانی خۆی لە مەودایەک لەنێوان ئەو دوو جەمسەرەدا دەبینێتەوە و پێی وایە دژبەرییەک کە لە نێوان ئەو دووجەمسەرەدا هەیە دەتوانێت هەڵگری ئەو گۆڕانە بێت کە وەڵامدەری خواستی ئەوە. بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی باسە سەرەکییەکانی نێو پانتایی گشتیی زاڵ لە کۆمەڵگای کوردستان چاو لەو بابەتە بکەی، بە هیچ شێوە ناکرێت ڕەئیسی و ڕۆحانی وەک دوو جەمسەری دوور لەیەک پێناسە بکەیت و هیچ بابەتێکی بنەڕەتیی پانتایی گشتی کوردستانی ڕۆژهەڵات ناتوانێت خۆی لە مەودایەک لەنیوان ئەو دوو جەمسەرەدا ببینێتەوە.

ئەم بابەتە تێمی سەرەکیی هەڵبژاردنە لە ئێمپراتووریەتی مۆدێڕنی فارس کە بە ناوی ئێران دەیناسین. ئێمپراتووریەتێک کە لە چوارچێوەی سنوورە جوگرافیەکانیدا شێرە و لە دەرەوەیاندا ڕێوی. بۆیە لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئایا بەشداری کردن یان نەکردن لە هەڵبژاردندا کامیان بژاردەیەکی عەقڵانیە، زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەنگدەر چۆن خۆی پێناسە دەکات و خۆی لە کوێی سیستمی ئێمپراتووریی پارسیی سەردەمی نوێ دەبینێتەوە. بە زمانێکی تر، ئەگەر دەنگدەر پێی وایە کە کێشەکانی ئەو کێشەکانی پیاوێکی فارسە، ئەوا بژاردەی عەقڵانی بۆ ئەو بەشداری کردنە لە هەڵبژاردن. لەبەر ئەوەی ئەم سیستمە لە ڕاستیدا و بێ هێچ گومانێک لە سەر بنەمای سەروەری پیاوی فارس دامەزراوە و چاکسازی دەتوانێت نەتەنیا وەڵامدەری خواستەکانی پیاوی فارس بێت، بەڵکوو دەتوانێت گەرەنتی سەروەری و سەردەستیی مێژوویی ئەو بکات.

**ئەم سیستمە لە ڕاستیدا و بێ هێچ گومانێک لە سەر بنەمای سەروەری پیاوی فارس دامەزراوە و چاکسازی دەتوانێت نەتەنیا وەڵامدەری خواستەکانی پیاوی فارس بێت، بەڵکوو دەتوانێت گەرەنتی سەروەری و سەردەستیی مێژوویی ئەو بکات.**

بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر کەسێک خۆی وەکوو کوردێک، ژنێک، "ئێڵ جی بی تی کیو"، یان تورکێک پێناسە دەکات، ئەوا بەشداری لە هەڵبژاردن بە هیچ شێوە ناتوانێت بۆ ئەو دەنگدەرە بژاردەیەکی عەقڵانی بێت لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن قەرارە ببێتە سەکۆیەک بۆ دەربڕینی جیاوازییەکانی نێوان گوتاری زاڵ و فەرمی لەو وڵاتەدا و قەرارە ببێتە هۆی چاکسازی و بەهێز کردنی ئەو پێکهاتەیە.

بۆیە هەڵبژاردن لە سیستمی زاڵی ئەمڕۆی ئێراندا لە هەموو وڵاتدا خاوەنی یەک واتا نییە. دەسەڵات ئەمە باش دەزانێت بۆیە لە ڕاستیدا لە هەموو تەمەنی دژایەتی دوو باڵی سەرەکیی دەسەڵات لە ئێران، ئەو دژایەتییە لە کوردستان بە هێچ شێوە نەیتوانیوە ڕۆڵ بگێڕێت یان واتاساز بێت. لە چاو دەسەڵاتەوە ئەگەر دەنگدان بە ڕۆحانی یان خاتەمی یان تەنانەت مووسەوی لە کوردستان ببێتە هۆی ئەوەی کە باسە سەرەکییەکانی نێو کۆمەڵگای فارس و چەمکە بنەڕەتییەکانیان بگوازرێنەوە بۆ نێو کوردستان یان ببێتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵگای کورد بەو چەمکانە و لە چوار چێوەی ئەو دووجەمسەرییەدا کێشەکانی خۆی واتا بکات، ئەوا سیستم براوەیە؛ ئیتر بۆی هیچ جیاوازییەک ناکات کە کامیەک لەو باڵانە لە کوردستان دەنگ دێنن سەرەڕای ئەوە دەنگی کوردستان لەبەر سیستمی دەنگدانێک کە لە ئێراندا هەیە هیچکات ناتوانێت چارەنووسی هەڵبژاردن یەکلایی بکاتەوە.

بۆ حیزبە سیاسییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کێشەی دەنگدان و دەنگنەدان لە ئێراندا زیاتر لەوەی باسێکی ئێستێدلالی بێت و بابەتی باس و وتووێژ بێت، بابەتی تاکتیک و ئێستراتێژیە. بۆیە حیزبەکان و بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان چەند وزە لەسەر وتووێژ و ئێستێدلال بۆ ئەو بابەتە تەرخان دەکەن، پێویستە زیاتر لەوەش هێز و توانای خۆیان بۆ پێش بردنی بەرنامەی خۆیان واتە بەشداری نەکردن بخەنە گەڕ. دیارە بوروکراسی کۆن و ناکارامەی حیزبی، هاوڕێ لەگەڵ کێشەی هەست بە بەرپرسایەتی نەکردن و خۆ لەقەرەی کار نەدان وەکوو کێشەیەکی کولتووری، بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەگەر بمانەوێ لەو زەمینەیەدا کاریگەریی زیاترمان هەبێت، پێویستە وەکوو بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بجووڵێینەوە. واتە ڕووی قسەی ئەم وتارە زیاتر لە هەرکەسێکە، بەرەو تەشکیلات، دۆستان و لایەنگرانی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێویستە لە قەوارەی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری کوردستاندا بجووڵێنەوە و بێ ئەوەی خۆیان

# سەدەیەک هەورازی سەر ڕێگای ڕۆژنامەوانیی کورد

چەکۆ ئەحمەدی




سەدەیەک و هەژدە ساڵ لەوەپێش ڕۆژنامەیەکی کوردی بووە زمانحاڵی نەتەوەیەک کە لە هەستیارترین ناوچەی جیهان و چواردەور تەنراو لە دوژمن، هەڵکەوتووە. لەوانەیە لای مرۆڤێکی پەروەردەکراوی وڵاتانی پێشکەوتوو و ئازاددا جێی سەرسوورمان بێ گەر باس لە گرنگیی چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە بە زمانی نەتەوەیەکی میلیۆنی بکرێ، بەڵام بۆ ئێمەی کوردی نیشتەجێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە خاڵێکی گرنگ دێتە ئەژمار، هەرچەن بەداخەوە لەچاو وڵاتان و نەتەوەکانی دیکە لەو بوارەدا گەلێك لەپاشتر بووین، بەڵام دیسانیش چاپی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی و درێژە کێشانی تا ئاستی پرۆفیشناڵی لای ئێمەی کورد بایەخی تایبەتی هەیە.

لە ماوەی ئەم زیاتر لە سەدەیەی ڕۆژنامەگەریی کورددا، چ نەتەوە و چ ڕۆژنامەگەرییەکەی گەلێك هەوراز و نشێو هاتۆتە سەر ڕێگای. گەلێك مرۆڤی خۆنەویست لەم بوارەدا دەستیان داوەتە پێنووس و گەلێك بابەتی گرنگیان تۆمار کردووە. لەوانەیە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ئامانجی سەرەکیی ڕۆژنامەگەری زانیاری پێدان و هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگا بێ بۆ بەردەوامیی خوێندنەوەی ڕۆژانە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئەرکی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەوانانی نەتەوەی کورد لە ئاستێکی بەرینتردا بیچمی گرت و بە ناچار و بە هۆی بەرتەسکی یا نەبوونی بواری دیکە، دەبا ڕۆڵی مامۆستای زمانی کوردی، تۆمارگەی مێژوویی، زیندوو ڕاگرتنی ئەدەبیاتی نووسراوە و تەنانەت زارەکیش، زانیاری و هەواڵی گرنگ گەیاندن بە کۆمەڵگا و ناساندنی ئەدیب و نووسەر و ڕێبەر و هەڵکەوتەکانی کۆمەڵگاش بگێڕێ. بۆیە وەك ئاماژەی پێکرا، دەستپێکی چاپ و بڵاوبوونەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لای نەتەوەی کوردی بێ وڵات گرنگیی تایبەتی هەیە و هەموو ساڵێکیش لەم سەروبەندەدا لە زۆر جێگادا کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ بەڕێوە دەچێ.

بەداخەوە لە ماوەی ئەم زیاتر لە یەك سەدەیەدا گەلێك قۆناغی تاقەتپڕووکێن تووشی ڕۆژنامەگەریی کوردی بووە و لەوانەیە بە دەیان ساڵی تێدا ببینرێ کە تەنانەت لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەشی تێدا بڵاو نەکرابێتەوە، بەڵام بیرۆکەی نووسین و تۆمار کردن و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامە لای هەڵکەوتوانی نەتەوەی کورد بەردەوام لەگۆڕێدا بووە.

بە چاوخشاندنێك بە مێژووی یەك سەدەی ڕابردوودا زۆر بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کە لە هەموو ئەو قۆناغانەدا کە شۆڕشێکی کورد تەنانەت دوو مانگیش ئاسوودەیی بە خۆیەوە دیتبێ یا دەرفەتی بەردەست کەوتبێ، دانانی چاپخانە و پێکەوەنانی چوارچێوە و میچێك بۆ پێنووس بەدەستانی کۆمەڵگا و خەباتگێڕان، لە یەکەم هەنگاوەکانی ئەو شۆڕشە بووە و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا ئەو خاڵە گرنگە، گرنگیی خۆی پاراستووە و خەباتگێڕانی کورد ئەوەندەی لە توانایاندا بووبێ بواریان بۆ ئەم بابەتە لواندووە.

ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی نەتەوەی کورد بدەینەوە، ناتوانین باس لەو بابەتە بکەین و حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان لەبەرچاو نەگرین و ڕۆڵی ئەو حیزبانە هەرکامە و بە ڕادەی لێهاتوویی و دەسەڵاتی خۆیان بۆ پاراستن و درێژە کێشانی ڕۆژنامەگەری لەبەرچاو نەگیردرێ. کاتێ باس لە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان دەکرێ، بێگومان هەموو ئەو تاکانەش لەخۆ دەگرێ کە بە هۆی چالاکی و خەباتگێڕی بە مەبەستی ڕزگاریی نەتەوە و نیشتمان ناچار بوون پەڕیوەی هەندەران بن، کە بەخۆشییەوە بەشێکی بەرچاویان بەتایبەت لە ڕابردوودا کەمتەرخەمی باڵی بەسەریاندا نەکێشا و بەردەوام لە خەمی نیشتماندا هەوڵیان دەدا لە تاراوگەش ئەگەر زۆر بەرتەسکیش بووبێ، دیسانیش چ کورتخایەن و چ درێژخایەن لە هەوڵی چاپ و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامەیەکدا بن کە زمانی نەتەوەیەکی دابەشکراو بێ.

ئاماژەی پێکرا کە ناکرێ باس لە پرسی ڕۆژنامەگەری بکرێ و ڕۆڵی حیزبەکان لەو بوارەدا لەبەرچاو نەگیردرێ. هەموو ئەوانەی ئاگاداری مێژووی نەتەوەی کورد و شۆڕشەکانی هەن، دەزانن کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نەتەوەی کورد قەت دەرفەتێکی وەك نەتەوەکانی دیکەی بۆ نەلواوە و چ لە ڕابردوودا و چ ئێستاش لە دۆخێکی ئاساییدا نەبووە تاکوو ستراتیژییەکی هەبێ بۆ لانیکەم نیو سەدە، بۆیە ئەوەی تا ئێستا کردوویە، تەنیا بە هۆی وەئەستۆ گرتنی گوشار و ماندووبوونی لەڕادەبەدەری خەباتگێڕانیەوە بووە و ئەگەر تەنیا ئاوڕێك لە شۆڕشەکانی ڕۆژهەڵات و گرنگیدانی ڕێبەران و خەباتگێڕانی کورد لەو پرسە، بدەینەوە، دەبینین کە لە هەموو دەرفەتێکی نە زۆر لەباریشدا بە خێرایی چوارچێوەیەك بۆ خزمەت بە بواری ڕۆژنامەگەری چێکراوە و هەوڵ دراوە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و سیستماتیك، ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

کاتێ پاش دامەزراندنی حیزبی دێموکرات ڕێبەرانی ئەو حیزبە بڕیاری مێژوویی دامەزراندنی کۆماری کوردستانیان دا، تەنانەت پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە لە ساڵی ١٣٢٤دا ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان چاپ و بڵاو دەکرایەوە و بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا و لە ڕۆژنامەیەکی کوردی‌دا مزگێنیی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان چاپ و بڵاو کرایەوە و هەر ئەو ڕۆژنامەی کوردستانە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، سەرەڕای هەموو بەربەستەکان و ئاستەنگەکان، جگە لە چەند قۆناغی کاتی، بەردەوام چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دێموکرات کە وەك نموونەیەکی پرشنگدار هێمای پێدراوە، جگە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕۆژنامەوانی، هاوکات گەلێك پەیامی مێژوویی دیکەشی پێبوو.

یەکێك لە پەیامە گرنگەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، ڕاگواستنی هزری نەتەوەیی حیزبێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو و بیرۆکەی سەربەخۆیی ئەو حیزبە و پێشەواکەی بوو. کۆماری کوردستان و هەموو دامودەزگاکانی و لە سەرووی هەموویانەوە ڕۆژنامەی کوردستان لە سەروبەندێکدا دامەزرابوو کە بەداخەوە هەموو شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکاندا یا بە تەواوی سڕابوونەوە یان بە شێوەیەکی تراژیك تووشی نسکۆیەکی وەك فەوتان ببوون. کەواتە ئەرکەکانی کۆماری کوردستان و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی زیاتر لە ئاستی توانا و چاوەڕوانییەکاندا بوون و دەبا هێندە بەهێز بێ و هێندە وزەی بۆ تەرخان بکرێ تاکوو ئەوەندەی لە تواناد‌ا بوو کەلێن و بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە و لە ڕاستیشدا هەروا بوو.

ڕۆڵی ڕۆژنامەی کوردستان لە مێژووی نەتەوەی کورددا گەلێك بەرچاو و ئاشکرایە. لەکاتێکدا نەتەوەی کورد پاش دابەشبوونی بەسەر چوار وڵاتی دەستکرددا لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کولتووری و هونەری و هەموو بوارەکانی ژیانەوە دەکەوێتە گەمارۆوە، کاتێك ئاستی هیوای کۆمەڵگای کوردستان تا نزمترین ئاست دادەبەزێ، کاتێ شۆڕشەکانی کورد یەك لە دوای یەك تووشی دارمان و نسکۆ دەبن و بیری "ناتوانین" بەسەر هیوادا زاڵ دەبێ، ئاشکرایە کە لە قۆناغێکی ئاوادا ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی کوردی و بەتایبەت ڕۆژنامەی کوردستان کە مزگێنیی سەربەخۆیی بڵاو دەکاتەوە گەلێك گرنگتر دەبێ و بەپێی ئاکامەکان و ڕووداوەکانی پاش کۆماری کوردستانیش دەردەکەوێ کە ڕۆژنامەی کوردستان سەرەڕای هەموو بەربەستەکان و کەموکووڕییەکان، زۆر باش توانیویە ڕۆڵ بگێڕێ و لەڕاستیدا، دەکرێ بگوترێ ڕۆژنامەی کوردستان وەك بەشێکی تەواوکەری کۆماری کوردستان، لەسەر شوناسی نەتەوەیی کە بە شێوەیەکی جیددی لە ژێر مەترسیدا بوو، کاریگەرییەکی زۆر گرنگی هەبوو و لە بەهێز کردن و زیندوو ڕاگرتنی شوناسی نەتەوەیی لە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا کاراکتێرێکی زۆر گرنگ بووە.

ڕۆژنامەی کوردستان وەك ئۆرگانێکی فەرمیی حیزبێکی دەسەڵاتداری دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە بیچمی کۆماریدا، لە قۆناغێکی هەستیاری جیهانی و ناوچەییدا و لە سەروبەندی کۆتاییەکانی شەڕی دووهەمی نێودەوڵەتیدا، دەبا هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتە سەربەخۆییخوازانەکانی دەوڵەتەکەی، بە شێوەیەکی هەستیارانە لەگەڵ دەستپێکی جمسەربەندیی جیهانیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هەڵسوکەوت بکات و بێلایەنیی خۆی و گوتاری تایبەت بە خۆی بپارێزێ و هاوکات باڵانس لەلای گوتاری زلهێزان بپارێزێ.

هەرچەند بەداخەوە تەمەنی کۆماری کوردستان کەم بوو و نەگەیشتە قۆناغێك کە لە هاوکێشەکاندا جێگر بێ، بەڵام ئەوەی ڕوونە، بناغەیەکی بەهێز و لۆژیکییانە بوو کە دەیتوانی لە ئەگەری درێژەکێشانی دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا هەم گوتارێکی سەرباشقەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ و هەمیش لە بواری ڕۆژنامەوانیدا نەك تەنیا لە ئاست کوردستان، بگرە زۆر بەربڵاوتریش کاریگەریی ئەرێنیی هەبێ.

پاشی ڕووخانی کۆماری کوردستان و سڕینەوەی هەموو دامودەزگاکانی کۆمار بە ڕۆژنامەی کوردستانیشەوە، چەندجار دوژمنان و نەیارانی نەتەوەی کورد و کۆماری کوردستان، هەوڵی چەواشەی ڕۆژنامەی کوردستانیان دا و بە هەموو شێوەیەك کەوتنە هەوڵی خەوشدار کردن و بێبایەخ کردنی. تەنانەت هەر بە ناوی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە، زۆر ژمارەی ڕۆژنامە لە تاران و تەورێز و تەنانەت باس دەکرێ و دەڵێن لە مۆسکۆیش چاپ و بڵاو کراوەتەوە، بەڵام بە بەراورد کردنیان لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکرات، بە خێرایی دەردەکەوێ کە هەموو ئەو هەوڵانە بۆ چەواشەی ڕۆژنامەی کوردستانی ڕاستەقینەیە و هیچکام لە ئەندامانی ڕێبەری و بەڕێوەبەرانی پێشووی ڕۆژنامەی کوردستان لە داڕشتن و بەڕێوەبردنیدا بەشدار نەبوون. کەواتە دیسانیش و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانەی دوژمنان و نەیارانی نەتەوەی کورد بۆ چەواشە و تەنانەت لەبیربردنەوەی ئەو ڕۆژنامەیە، دەردەکەوێ کە کاریگەریی چەندە زۆر بووە و لەوەش گرنگتر، دەردەکەوێ کە بوونی ڕۆژنامەیەکی ڕاستبێژ و زمانحاڵی نەتەوە چەندە گرنگ بووە و هەیە.

ڕۆژنامەی کوردستان بە شێوەی پچڕپچڕ و لە قۆناغی جیاوازدا، چ بە شێوەی نهێنی و چ ئاشکرا و چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆی کوردستان لەلایەن ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتەوە بەردەوام چاپ و بڵاو کراوەتەوە و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر بڵاو دەکرێتەوە. زێدەڕۆیی نییە گەر بگوترێ بە سەدان کەس تەنانەت ژیانیان بە هۆی لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی کوردستانەوە کەوتۆتە مەترسی و لێ‌ئەستێندراوە. چوونکە بەداخەوە تەنیا لە قۆناغێکی کورت و پیرۆزی سەردەمی کۆماری کوردستاندا بووە کە ئەم ڕۆژنامەیە توانیویە بە ئازادی و لە نێو خاك و خەڵکی نیشتمانی خۆیدا بۆ خەڵکەکەی بدوێ و هەموو تەمەنی پتر لە ٧٠ ساڵەی بە شاراوە و نهێنی و لە ژێر گوشار و هەڕەشەدا تێپەڕاندووە و ئێستاشی لەگەڵ بێ و لە سەردەمی بەجیهانی بوون و مۆدێرنیتە و سەدەی ٢١دا، دوژمنانی کورد تەنانەت لە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەش دەترسن و تا ئێستاش هەر لە دەرەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکرێتەوە.

ڕۆژنامەگەریی کورد گەلێك چەرمەسەریی بەخۆیەوە بینیوە. مت بوون و هەستانەوەی زۆری دیتووە، بەڵام هەر زیندوو ماوەتەوە و سەرەڕای ئەوەی بە دەیان و سەدان ژمارەی چاپ و بڵاو کراوەتەوە کە تەنیا نووسەر و بەڕێوەبەرانی خوێنەری بوون، بەڵام دیسانیش هەدای نەداوە و نەیهێشتووە بێ‌هیوایی بە تەواوی باڵ بەسەر پێنووسی کوردی و تاکی کورددا بکێشێ. بۆیە هەموو تاکێکی کورد دەبێ ڕێز لە هەموو ئەو کەسانەی لە ماوەی سەد و هەژدە ساڵدا بچووکترین خزمەتیان بە ڕۆژنامەگەریی کوردی کردووە، بگرێ و هەموو هەوڵێك بدەین تاکوو بوارێکی ئەوتۆ بلوێنین بۆ ئەوانەی لە ئێستا و داهاتوودا دەیانهەوێ خزمەت بەو بوارە گرنگە بکەن.

سەدوهەژدەهەمین ساڵی ڕۆژنامەگەریی کورد لە هەموو ڕۆژنامەوانانی ڕابردوو و ئێستای نەتەوەی کورد و بەتایبەت ڕۆژنامەی کوردستان کە یەکێك لە بەڕابردووترین ڕۆژنامەکانی ناوچەیە، پیرۆز بێ و بەهیوای بەردەوامی گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕۆژنامەی کوردستان و بڵاو کردنەوەی مزگێنیی سەرکەوتن و سەربەستی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا.

# هاوکێشەی جەنگی نێوان بەجیهانی بوون و کۆماری ئیسلامی



**عومەر ئیزەدخا**

بەجیهانی بوون وەک دیاردەیەکی زاڵ و باڵادەستی ژیانی ڕامیاریی ئێستای جیهان زۆرترین بایەخ و گرنگیپێدانی بە شوێن خۆیدا هێناوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییە زۆر و قووڵانەی کە لەسەر پرسەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی ڕامیاری دایناوە و هێناویەتە ئاراوە، بەتایبەتی لەم قۆناغەی ئێستای ڕامیاریی نێودەوڵەتیدا، هەر بۆیە بەشێکی زۆری سەنتەر و دامەزراوە ئەکادیمی و شیکارییەکان لە ماوەی ئەم دوو دەیەی دواییدا، کۆمەڵێکی زۆر توێژینەوە و بەخوێندکاری کردنی زانستیانەیان لەسەر چەمکی جیهانگیری ئەنجامداوە.

بەجیهانی بوون لە ڕووی زاراوەییەوە، لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەر وشەی ئینگلیزیی (Globalization) دێت، شی کردنەوەی وشەکەش لە ڕووی زمانەوانییەوە بە واتای گشتاندنی شتێک و بەخشینی چوارچێوەیەکی جیهانییە پێی و فراوان کردنی مەوداکانیەتی بە جۆرێک کە هەموو جیهان بگرێتەوە، لە زمانی عەرەبیدا لە بەرانبەر وشەی ( العولمة ) بە کاردێت، هەندێک نووسەری عەرەب وەک (اسماعیل صبری عبداللە) بە وشەی (الکوکبة) ناوی دەبات، هەندێکی دیکەش بە (الکونیة) یان (العالمیة) ناوی دەبەن.

ئەم چەمکە پێناسەی جۆراوجۆری لەلایەن بیرمەندان و شارەزایانی زانستی ڕامیارییەوە بۆ کراوە، هەروەک لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا هاتووە، "بەجیهانی بوون دیاردەیەکە کە هەموو سنووورە نیشتمانی، نەتەوەیی، ئابووری، سیاسی، کولتوری و ڕاگەیاندکانی بەزاندووە و هیچ سنوورێک لەبەردەمیدا نەماوە، بەڵام هێشتا سنووورە ڕۆحی و هەژموونگەراییەکانی ئایین و نەریت لەبەردەمیدا بەهێزە، بەتایبەت لە وشکاڕۆی ئاسیا و بە تایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا". هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا "بەجیهانی بوون بریتییە لە تێکەڵکێش بوونی ئابووری کە دەرەنجامەکەی ملنانی وڵاتانی دنیایە بەگشتی و سەر نەوی کردن و پەراوێز خستنی ئەو وڵاتانەیە کە لە ناکۆکی لە بەرانبەر ئەو ڕەوشە تازەیەدا خۆیان ڕابگرن و بچنە نێو هاوکێشەکانی ڕکابەریی ئابوورییەوە، ئەمەش لەبوارەکانی دیکەدا دەبێتە هۆی تێکچوونی باری کۆمەڵایەتییان کە بەڕێوبەری ئەم ڕەوشەش کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانن". هەروەها هەندێ لە توێژەران پێیان وایە، "بەجیهانی بوون بزووتنەوەیەکی مێژووییە کە ئامانجی دیاریکراوی بریتییە لە لێک نزیك کردنەوەی نەتەوە و گەلانی جیهان و پەرەسەندن و پێشخستنی تەکنیک و تەکنەلۆژیا کە نزیک بوونەوە و تەواوکاریی لێدەکەوێتەوە". لە فەرهەنگی ویستردا لە باسی بەجیهانی بووندا هاتووە کە؛ "بەجیهانی بوون بریتییە لە وەرگرتنی شتێک کە مۆرکێکی جیهانیی هەبێت و ئەگونجێت پانتایی و پراکتیزەکردنی لەسەر ئاستێکی خۆجێیی جێبەجێ بکرێت". "مۆید عبداکیاری" پێیوایە کە بەجیهانی بوون بریتییە لە؛ "پرۆسەی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی جیهانیی هاوبەش کە لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە پێکەوە گرێ درابێت".

سەبارەت بە دەرکەوتنی مێژووییانەی بەجیهانی بوون هەندێک پێیانوایە هاتنە ئارای بەجیهانی بوون لەدەرئەنجامی پەیماننامە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانی نێوان وڵاتانەوەیە و لە هەموو ئەمانەش گرنگتر دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان و پاشان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. بەشێکی دیکە لە توێژەران مێژووی دەرکەوتنی بەجیهانی بوون دەگەڕێننەوە بۆ فەلسەفەی ڕەواقییەکان کە لە دەوروبەری سەدەی سێیەمی پێش زایین سەریان هەڵداوە. زینۆن کە ڕێبەری ئەم بزووتنەوە فەلسەفییە بوو، بانگەشەی بۆ دروستبوونی شارێکی جیهانی (المدینە العالمیة) دەکرد کە ناوەرۆکی ئەم پرۆسەیە سیستمێکی یەکگرتوو لە ژێر سایەی یاسایەکی هاوبەشدا کۆیان دەکاتەوە. هەروەها "ڕۆناڵد ڕۆبەرت تسۆن" لە میانەی ئاخاوتنیدا لە مێژووی گەشە و سەرهەڵدانی بەجیهانی بووندا چەند قۆناغێکی سەرەکی دیاری دەکات، لەوانەش ئەو قۆناغەیە کە "لە ئورووپا لە نێوەڕاستی سەدەی هەژدەوە تاکوو ساڵی ١٨٧٠ی خایاند. لەم قۆناغەشدا گۆڕانێک ڕوویدا، ئەویش سەرهەڵدانی دەوڵەتی هاوبەش و یەکگرتوو بوو، چەمکەکانی تایبەت بە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و تاکەکان و ئەو پێودانگەی کە هاووڵاتی و بارودۆخیان دەبێت بەپێی یاسا ڕێکبخرێت .

سەبارەت بە ڕەهەندەکانی بەجیهانی بوونیش پێویستە بگوترێت کە:

یەکەم: بەجیهانی بوون ئاماژەیە بۆ هاریکاریی وڵاتانی پێشکەوتوو و کاراکتەری بنەڕەتیی پێکهاتنی سەرمایەی سیستمی وڵاتانی جیهانی. دووەم: بریتییە لە بەشداری کردنی خەڵک لە ئاستە نێوخۆییەکانی دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و بەهێزکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و مافی مرۆڤ، هەر لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ڕەهەندەکانی بەجیهانی بوون گرنگیی زۆر دەدرێت بە ڕەهەندی ئابوورییانەی بەجیهانی بوون کە بەگشتی دۆخێکە لە گواستنەوەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی جیهانیی بازنەی ئاڵوگۆڕ و دابەشکردنی بازرگانیی ئاڵوگۆڕ. هەر لە میانەی ئاخاوتن لە ڕەهەندەکانی بەجیهانی بووندا پێویستە ئاماژە بە ڕەهەندی ڕامیاری و ئەو کاریگەرییانەی لەسەر دەوڵەتە کلاسیکی و دواکەوتوو و داخراوەکان هەیەتی بدرێت، چوونکە بەجیهانی بوون کاریگەریی گرنگی لەسەر دەسەڵات و سەروەریی دەوڵەتان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا داناوە کە هەندێک لەو دەسەڵاتانە لە دەوڵەت دەسێنێتەوە و لاوازی دەکات، بەڵام سەرلەنوێ لە ڕووی سیاسەتی جیهانییەوە دەوڵەت دادەڕێژێتەوە، بەڵام لە تەنیشت دەوڵەتدا، ڕێکخراوە جیهانییەکان و کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان بوونیان دەبێ.

لەسەر ئەو ڕاستیەی سەرەوە دەکرێت بگوترێت کە چەند فاکتەرێکی سەرەکی بواریان بۆ ڕەهەندی سیاسی خۆشترکرد، لەوانەش، لەهەموویان گرنگتر بریتییە لە:

یەکەم؛ سەرهەڵدانی ئەکتەرە لۆکاڵیەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا: بە درێژایی ٣٠ ساڵی کۆتایی سەدەی بیستەم، ژمارەی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان هەردەم لە زیادبووندا بوون، ژمارەی دەوڵەتە سەربەخۆکان لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ ساڵی ٢٠٠٠ لە ١٧٦ دەوڵەتەوە گەیشتە ٢٠٢ دەوڵەت بەهۆی سەربەخۆیی وڵاتانی ژێر دەستی داگیرکەر، ڕێکخراوە مەدەنییەکان جۆر و ژمارەیان زیادی کرد و ئاستی کاریگەرییان لەسەر بڕیاری دەوڵەتان بەرینتر بووەوە.

دووەم؛ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا: کاتێک ئەمریکا دەیەی ١٩٨٠ پرۆژەی شەڕی ئەستێرەکانی خستە بەرباس، تەنانەت دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ئەو وڵاتانەش بەهۆی ئاستەنگە تەکنیکییەکان بە گومانەوە لێیان دەڕوانی، بەڵام بە تێپەڕبوونی تەکنەلۆژیا لە وڵاتانی دیکەش، ئەمریکا دابنیشێت، کە ئەمەش بووە هۆی بە ئاکام گەیشتنی گفتوگۆکانی چەک داماڵین.

سێیەم؛ کۆتایی هاتنی پێکدادانە ئایدۆلۆژییەکان: بە کۆتاییهاتنی پێکدادانە ئایدۆلۆژییەکانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا و هەموارکردنی پێشکەوتنی باکوور و باشوور بەهۆی بەستراوەبوونی ئابووری بە یەکترەوە، و ئەمەش بەهۆی ئەوەی وڵاتان زیاتر بەرەو گەشەکردن بچن .

چوارەم؛ سەرکەوتنی ڕێکەوتننامە ناوچەییەکان: دامەزراندن و گەشەکردنی کۆمەڵەی (ئابووری ئورووپایی، نەفتا، ئاسیان ..) ئەزموونێکی ئەرێنی بوو لە بواری بەخشینی دەسەڵات بە ئۆرگانە بان دەوڵەتییەکان و کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی بەکۆمەڵ.

دیاردەی بەجیهانی بوون توێژینەوەی زۆری بۆ کراوە کە بەشێکیان تایبەت بە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم دیاردەیەن و گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١- هاوکێشەی کێشە مرۆڤایەتییەکان دەکات لەسەر ئاستی جیهانی بەتایبەتی لە ڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشەوە.

٢- دژی بەرژەوەندیی وڵاتە میلیتارەکان دەوەستێتەوە.

٣- ئازادبوونی زیاتری لایەنی ئابووری.

٤- دروستبوونی ئینتەرنێت کە هەموو زانیارییەکان بە هەموو جیهاندا بڵاو دەکاتەوە.

٥- سەپاندنی هەژموونیی سیاسی لەلایەن هێزە باڵادەستەکانەوە لە سیستمی نێودەوڵەتیدا.

٦- لاوازبوونی ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە ژیانی ڕامیارییدا لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا.

٧- خەبات دژی تیرۆریزم.

٨- ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و پێشکەوتنی دێموکراسی و پاراستنی ژینگە.

٩- خەبات کردن دژی کاری نایاسایی وەکو ماددەی هۆشبەر.

١٠- خەبات دژی ململانێی نێوخۆیی و نێو نەتەوەکان و چارەسەری کێشەکان.

١١- داڕشتنی سیاسەتێک بۆ نەهێشتنی بێکاری.

١٢- گرنگیدان بە مافەکانی ژنان و بەشداری کردنیان لە پانتای سیاسی‌دا.

١٣- دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی.

١٤- گرنگیدان بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕێگری کردن لە قڕکردنی نەتەوەکان.

١٥- دروستبوونی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

یەکێک لە گرنگترین کاریگەرییەکانی بەجیهانی بوون بۆسەر بزاوتە نەتەوەییەکان، پرسی دێموکراسییە لە ژێر سێبەری بەجیهانی بووندا. پرسی دێموکراسی لەسەر ئاستی دونیادا بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لە پێشووتر بڵاو بووەتەوە و بۆتە ئامانجێکی بنەڕەتیی ئەم سەردەمە. کاریگەرییەکانی دیاردەی بە جیهانی بوون لەسەر دێموکراسی ڕۆڵی ئەرێنی دەگێڕێت. هەروەها لەسەردەمی بەجیهانی بووندا بابەتی مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی نێوخۆیی وڵاتان چۆتە دەرێ و چی دیکە حکوومەتەکان ناتوانن ڕاستییەکانی نێوخۆیی وڵاتەکەیان حەشاربدەن و سەرشێتانە سووربن لەسەر ئەوەی مەسەلەی مافی مرۆڤ هەروا لە چوارچێوەی لۆکاڵیدا بمێنێتەوە، هەربۆیە لەسەردەمی بەجیهانی بووندا دابینکردنی چانسی پاراستنی یەکسان بۆ هەموان بەبێ جیاوازی بەردێکی بناغەیی دیکەیە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، ئاخاوتن لەسەر مافی مرۆڤ لەسەردەمی بەجیهانی بووندا بەشێوەیەکی کاریگەر لە ئارادایە، بەوەی کە لە ژێر ڕووناکیی بەجیهانی بووندا لانیکەم ١٥٢ دەستوور هەن کە داکۆکییان لە مافی مرۆڤ و مافی نەگرتن و مافی دەستبەسەرکردنی کوێرانە کردووە، هەروەها سەبارەت بە دەستووره نیشتمانییەکان زیاتر لە ٤١ دەستوور هەن کە باس لە مافی تاکیان تێدایە و لە ڕووی مافی دادگایی کردنی دادپەروەرانە یا لانیکەم لە دانیشتنی تایبەت بە گوێگرتن لە تاوانبارەکان، هەروەها چەندین دەستوور هەن کە لەمیانەی داڕشتنەوە لەوە تیدەگەن کە ئەو مافەی بە گشتی دابین کردووە.

لەسەردەمی بەجیهانی بووندا چەند چەمکێکی تازە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ هاتوونەتە کایەوە کە بریتین لە:

١- بوونی نوێنەرایەتیی کەمینە نەتەوەکان لە کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی.

٢- پاراستنی کەرامەت و ئازادیی تاکەکان.

٣- سەربەخۆیی وەرگرتنی کەمینە نەتەوەکان لە ڕێگای ڕیفراندۆم، کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چاودێری بکات.

٤- گرنگیدان بە بواری پەروەردە و بەخێوکردن بەشێوەیەکی باشتر لە پێشوو.

٥- پاراستنی ژینگە.

٦- بەرەوپێش بردنی زیاتری پاراستنی دادپەروەری و مافە سیاسییەکان.

وەکوو دەرەنجامێکی ئەو ڕەوتە ئەرێنییەش لەبارەی مافی نەتەوەکانەوە دەتوانین بڵێین؛ هەر بۆیەش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەمڕۆ سوورە لەسەر ئەوەی مەسەلەی پاراستنی مافی مرۆڤ ببێتە جیهانی و ڕێزگرتنیش نابێت نکوڵی لێ بکرێت.

کاتێک باسی کاریگەریی بەجیهانی بوون لەسەر دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، ئەوا ڕاستەوخۆ پێویستە بێین پەرچەکردار و ستراتیژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ساڵانی سەرەتای دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمە تاکوو ئێستا و هەنووکە هەڵسەنگێنین کە یەکێکە لە ڕێژیمە فاشیست و دیکتاتۆر و تۆتالیتێرەکانی جیهانی ئەمڕۆ هاوشێوەی کۆریای باکوور، لەگەڵ پێشکەوتنی زیاتری تەکنەلۆژیا و بەتایبەتیش ئامێرەکانی گواستنەوە و گەیاندن و ئاڵوگۆڕی زانیاری و چاپەمەنی و میدیا و لە ئێستاشدا بواری نێتڤۆرک و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لە لێکدانەوە و خستنەڕووی هزر و ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیدا جیا لە کردەوە و ستراتیژی مێژوویی دەسەڵاتداری، ئەوا لەم ڕووەوە زۆر بە سادەیی دەتوانین پێناسەی ئەم ڕێژیمە بکەین، چوونکە پێکهێنەر و بوونیەتی هزریان بریتییە لە وجودێک کە پێچەوانەیە لەگەڵ خواستەکانی بەجیهانی بوون، کە بریتییە لە داخراوبوون و دەرگاداخستن لە پێناو جێبەجێ بوونی ئەو ئامانجانەی کە دەبنە چارەڕەشی بۆ مرۆڤ. لەڕاستیشدا ئەم دۆخە نیشانەدەری ساویلکەیی و دواکەوتوویی ئەو هزر و هێزەیە کە لە پشتی ڕێژێمگەلی وەهادا وەستاوە، بە خۆبواردن لە شکستەکانیان و نەبوونی توانای چاو و گوێگرتن و بە کویلە کردنی تاکەکانی کۆمەڵگا. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە دۆخی گریمانەکراو و نموونەی ئەم ڕێژیمانە بکەین بۆ پێشگیری بە دۆخی باوی جیهانی کە دەتوانین ڕۆژگاری حوکمڕانیی خەلافەتی داعش کاتێک بینیمان خەڵکیان ناچار و موشتاقی ئەوەکرد دژایەتی تەکنەلۆژیا و کەرەستەی گواستنەوە و ڕاگەیاندن بکەن، بە شکاندن و لەناوبردنیان تاکوو بە نەزانی و گوێ و چاو بەستراوی بمێننەوە. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە مرۆڤ چاو و گوێی بەسترابێ دەتوانێ بەڕێگادا بڕوات یاخۆ نا ئەوە دەلالەتی دواکەوتوویی و تێڕوانینگەلێکە کە هەرگیز بڕوای بە بەکارهێنانی ئەقڵی مرۆڤەکان نییە. بەکارهێنانی ئەقڵ واتە ئازادی و کرانەوە و بیرکردنەوە لە دەلاقە جیاوازەکانەوە، دیکتاتۆرەکان خۆیان لە دروستکردنی ترس و تۆقاندن و هەڕەشە و ڕەشەکوژی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکاندا دەبیننەوە کە ئەوەش واتە تیرۆر. لێرەدا دەبێت جیاوازی لەنێوان تیرۆر لە تاکتیکدا و تیرۆر لە ستراتیژدا دابنرێ، بەڵام تیرۆر نەک هەر بەتەنها ستراتیژی کۆماری ئیسلامیی پێکنەهێناوە، بەڵکوو هەموو پێکهاتەی سەرتاپای ئەم ڕێژیمە پێکدێنێ.

بەو پێیەی بنپێ کردنی مافی هەموو نەتەوەکان و کورد بەتایبەتی، بەردەوام سیاسەتی کۆماری ئیسلامی پێکهێناوە. ئەوە پرسێکی هەستیارە بەرانبەر بە بەهێزبوونی سیستمی نوێی جیهانی، چوونکە ڕاستەوخۆ بەجیهانی بوون پێچەوانە و دژکردەوەی ئەم سیاسەتگەلەیە کە ئەوەش بە هەوڵی لەنێوبردنی ئازادیی بیرکردنەوەی تاکەکان دەبێت کە ڕێژیم شکستی بەرچاوی بینووە لەم هاوکێشەیەدا. سەبارەت بە کاریگەریی میدیاش پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە؛ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەماوەی ڕابردوودا هەموو دەسەڵاتەکانی بۆ پێشگیری کردن لە میدیای ڕێکخراو و پارتە کوردییەکان بەکارهێنا کە شکستی خوارد، لە ئێستاشدا نێتوۆرک و سۆشیال میدیا هەڕەشەیەکی گەورەی بۆسەر بەرژەوەندییەکانی پێکهێناوە.

دەتوانین بڵێین پەلەقاژەکانی کۆماری ئیسلامی وەکو شمشێرێکی دوو سەر وایە، کاتێ بەرهەناوی خۆی دەکەوێ، چوونکە لە هەردوو بارەکەدا حەتمیەت دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی ئایدۆلۆژیای خوازراویانە، لەباری پێشگیریدا بۆ ناچارکردنی تاکەکان توندوتیژی وەکوو یەکەم بژاردە بەکاردێنن و ناتوانن ئەم دیوە بشارنەوە و لەباری خۆبواردنیشدا دیسان مەترسی گەورە بۆ سەریان بە بیرکردنەوەی ئازد دروست دەبێت.

# دەنگدان بۆ بەردەوامیی ڕاوڕووت و جینایەت؟



عەلی مونەزەمی

لە سیستمە دێموکراتیکەکاندا بەشداریی خەڵک لە پرۆسەی دەنگداندا کە لە ویست و ئیرادەی ئازاد و سەربەخۆی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ، نیشانەی بڕوای خەڵک بە سیستمی سیاسیی وڵاتەکەیانە. بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد لە بنەماکانی سیستمێکی دێموکراتیکە کە تێیدا خەڵک بە هەڵبژاردنی نوێنەران و بەڕێوەبەرانی وڵاتەکەیان، ئەوان ئەرکدار دەکەن کە لە سەر حسێبی خەڵک گرینگترین بڕیارەکان دەربکەن. هەر بۆیەشە لە وەها سیستمێکدا بەشدارنەبوونی خەڵک لە پرۆسەی دەنگداندا دەبێتە هۆی نیگەرانی و لاوازیی دێموکراسی. بەرەواژی سیستمە دێموکراتیکەکان، لە سیستمە تەواویەتخواز و تووتالیتێرەکاندا کاربەدەستان بۆ ئەوەی کە ڕەوابوون بە دەسەڵاتی خۆیان ببەخشن، زۆر جار لە نرخە نۆژەن و دێموکراتیکەکان بۆ بە لاڕێدا بردنی خەڵک کەڵک وەردەگرن کە دەنگدان یەکێکە لەو نرخانە. ڕێژیمی پەت و سێدارەی کۆماری ئاخوندی وەک نموونەیەک لەو ڕێژیمە دیکتاتۆرانە لە تەمەنی پڕ لە شوورەیی خۆیدا، هەموو دەرفەتێکی بە کار هێناوە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سەندووقەکانی دەنگدان. بۆ ئەوەی کە درێژە بە بەردەوامیی جینایەت و چەوساندنی خەڵک بدەن، پێویستیان بەوە هەیە کە دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی خۆیاندا ڕابگرن و ئەگەر بە شێوازێکی ڕواڵەتییش بێ، ئەو دەسەڵاتە نگریسەی خۆیان بە ڕەوا و مەشرووع نیشان بدەن. ئەو دەسەڵاتە سیاسییە زۆر لە هەبوونی پارە، سامان و ئابووریی بەهێز و هەڵبژاردنی ڕاستەقینە بۆ ئەو دز و جینایەتکارانە گرینگترە. لێکدانەوە و شی کردنەوەی هەموو لایەنەکانی سیستمێکی تووتالیتێر وەک کۆماری ئاخوندی لە توانای وتارێکی وەها کورتدا نیە. بۆیە مەبەستی ئەو وتارە جوابدانەوە بە دوو پرسیاری سەرەکییە: بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە سیستمێکی ئازاد و دێموکراتیکدا دێتە چ مانایەک و چ جیاوازییەکی هەیە لە گەڵ هەڵبژاردن لە سیستمی تەواویەتخواز و تێۆلۆژیکیی کۆماری ئاخوندیی ئێراندا؟ ئەرکی ئێمە لە بەرانبەر وەها پرسێکدا چیە؟

بۆ شی کردنەوەی وەڵامی ئەو دوو پرسیارە سەرەکییە، پێویستە کە لە پێشدا بە کورتی لە سەر مانای هەندێک کۆنسێپتی سەرەکی کە لەو وتارەدا بە کار دەبردرێن، ڕاوەستین؛ بۆ نموونە: دێموکراسی، هەڵبژاردن، بەشداری کردن، سیستمی تەواویەتخواز، تێۆلۆژی.

**دێموکراسی:** یانی دەسەڵاتداریی خەڵک. سیستێمێک کە تێدا خەڵک خاوەنی کارتێکەریی زۆرە لە سەر داڕشتن و دانی بڕیارەکان.

**هەڵبژاردن:** پێواژۆی بڕیاردان لە سەر دەستنیشان کردنی کەسێک یان کەسانێک بۆ بەدەستەوەگرتنی پۆستێکی ڕێکخراوەیی-سیاسی. هەڵبژاردن کردەوەیەکی دێموکراتیکە بەڵام دەتوانێ لە لایەن دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆریشەوە بە کار ببردرێ بۆ ڕەوایی بەخشین بە دەسەڵاتی خۆیان و بۆ ئەم مەبەستە زۆر جار لە زەخت و گوشار و کەرەستەی ناڕەوا کەڵک وەردەگرن.

**بەشداریکردن:** لەو وتارە دا مەبەست زیاتر بەشداریی سیاسییە. ئەگەرچی لە سیستمە تەواویەتخوازەکاندا دەسەڵات هەوڵ دەدات هەموو ئاستەکانی ژیانی خەڵک کۆنترۆڵ بکات و وا خەڵک لە قاڵب بدا کە لە هەموو مەیدانەکاندا بە شێوازی نرخەکانی ئەو سیستمە بجووڵێنەوە. بەشداری کردن یانی تێکەڵ بوون بە پرۆسەی بڕیاردان. یانی تێپەڕین بەسەر چوار کۆسپی مەشرووعیەت و ڕەوابوون، تێکەڵاوبوون و نوێنەرایەتی کردن و بەڕێوەبردن.

**سیستمی تەواویەتخواز:** سیستمێکی سیاسی کە هیچ سنوورێک بۆ دەسەڵاتی خۆی دانانێ و هەولی کۆنترۆڵ کردنی هەموو لایەنەکانی ژیانی گەلەمپەری/گشتی و تایبەتیی خەڵک دەدات.

**تێۆلۆژی:** زانستی خوا ناسی یان ئۆلی.

**هەڵبژاردن و دەنگدان لە سیستمی دێموکراتیکدا بە بەراود لە گەڵ ڕێژیمی ئاخوندی**

بۆ ئەوەی کە سیستمێک دێموکراتیک بوونی خۆی بسەلمێنێ، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە وادەی دیاریکراودا پێویستە، بەڵام بەس نیە. لە بەر ئەوەی کە لە زۆر وڵاتان و بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی سیستمی دێموکراتیک نین، ئەگەری ئەوە هەیە کە لە کاتی هەڵبژاردندا فێڵ بکرێ، ئەولەهی و ئەمنیەتی هەڵبژاردنەکان بە شێوازێکی درووست ڕێک نەخرێ و لە کاتی دەنگدان یان بژاردنی دەنگەکاندا فێل بکرێ، ئۆپۆزیسیۆن نەتوانێ دەنگی خۆی بە خەڵک بگەیەنێ و میدیا لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتداراندا بێ و دەرفەتی وەرێختنی خۆپێشاندان نەبێ و ...هتد. بۆیە دەنگدان بە تەنیا کافی نیە بۆ ئەوەی کە بسەلمێنرێ کە سیستمێک دێموکراتیک و هەڵبژاردنەکان دادپەروانەن. کاتێک هەڵبژاردنێک دێموکراتیکە کە ئەنجامەکەی ئاماژەیەک بێ بە ئیرادە و ویستی خەڵک، نەک ئەوەی کە گرووپێک لە جیاتی خەڵک بڕیار بدەن و خەڵکیشیان بۆ ئەوە بوێ کە بە چوونی خۆیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، لە بەر چاوی خەڵکانی دیکە بڕیاری ئەو گرووپە پچووکە ڕەوایی پێ ببەخشن. لە هەموو تەمەنی سیستمی کۆماری ئاخوندیی ئێراندا هیچ هەڵبژاردنێک بە بێ فرت و فێل بەڕێوە نەچووە، ئەگەر چی بەربژێرەکان هەموویان لە فیلتێری شۆرای نیگابان ڕا کە پارێزەری ڕێژیم و دەسەڵاتەکەیەتی، تێپەڕیون و مۆرەی خودی ڕێژیمن. زەقترین فرت و فێلەکان لە کاتی هەر دوو دەورەی هەڵبژاردنی مەحموودی ئەحمەدی نژاد بۆ سەرۆک کۆماریی ئێراندا کران. یانی ئەگەرچی هەر لە دەستپێکەوە بەربژێرەکان لە چارچێوەی ئیرادە و ویستی ڕێژیمدا پێ دەنێنە گۆڕەپانی هەڵبژاردن، بەڵام لە نێو ئەوانیشدا هەندێکیان زیاتر لە ئەوانی دیکە خۆییترن.

کاتێک هەڵبژاردن دەتوانێ مانای هەبێ و سەرنجڕاکێش بێ کە بەربژێرەکان سەر بە لایەنەکانی جۆراوجۆری هزری و سیاسی بن کە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات کێبڕکێی یەکتر بکەن و بۆ بردنەوە، دەنگی خەڵک پێوەر بێ. لە سیستمێکی دێموکراتیکدا ئەوە لایەنە سیاسییەکانن کە کاندیدای خۆیان دەستنیشان دەکەن و ئەو کاندیدایانە بۆ بردنەوەی دەنگی خەڵک پاکێجی سیاسیی خۆیان ئامادە دەکەن و خەڵک و کاندیداکان بە شکڵێکی ئاگاهانە و ژیرانە بەرەو هەڵبژاردن دەچن. دەنگەکان لە گەڵ یەک بەرانبەرن و هەر تاکێک کارتێکەریی بەرانبەری هەیە لە سەر هەڵبژاردن بە نیسبەت تاکێکی دیکەی کۆمەڵگا. لە سیستمی کۆماری ئاخوندیدا بەرەواژی ئەو یەکە، کاندیداکان هەموویان قاڵ بووانی نێو سیستمی ئاخوندی و ئیسلامی سیاسیی خومەینیستین و کەسانی بەدەر لە وان، هیچ کاتێک ڕەواییان نابێ بە گوێرەی ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم کە بتوانن خۆیان بەربژێر بکەن. پارتە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم هەموویان قەدەغەکراو و نەتەوەبندەستەکانی ئێرانیش مافی ئەوەیان لێ زەوت کراوە کە بتوانن کاندیدایان هەبێ، تێکەڵاوی بازنەی دەسەڵات بن و دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵات بگرنە دەست.

لە لایەکی دیکە، لە سیستمە دێموکراتیکەکاندا هەموو خەڵک مافی دەنگدانی هەیە (ئەوانەی کە سەرەوەی ١٨ ساڵن) و هەڵبژاردنەکان بە شێوازێکی نهێنی بەڕێوە دەچن. نهێنی بوونی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەیە کە کەسێک نەکەوێتە بن زەخت و گۆشار بۆ ئەوەی کە بەرەواژی ویست و ئیرادەی خۆی دەنگ بدات. لە ئێراندا کە خەڵک بێبەشە لە هەبوونی پارتی سیاسیی دڵخوازی خۆیان، لە هەبوونی کاندیدای جێگای پەسەندی خۆشیان بێبەشن. لە لایەکی دیکە، گرووپی وەک سوپای پاسداران هەیە کە بە وتەی خودی سەرانی ڕێژیم بە "حیزبی پادگانی" بەنێوبانگن و هەموو ئەوانەی کە نیزیکن لەو ئۆرگانیزاسیۆنە چەکدارە تیرۆریستە، دەبێ بە گوێرەی ویستی ئەوان دەنگ بدەن بەو بەربژێرەی ڕێژیم کە لە نێو ئەو بەربژێرانەدا یەکم جار ڕێژیم بۆ خۆی بە شیاوی داناون. لێرەدا ئیدی نهێنی بوون و نەبوونی دەنگدان مانای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دەدات.

مەبەست لە هەڵبژاردن ئەوەیە کە خەڵک بتوانن لە سەر بڕیارەکانی دەوڵەت و دەسەڵات کارتێکەرییان هەبێ و ئەگەر دەسەڵاتدارێک بەڵێنەکانی جێ بەجێ نەکرد، خەڵک بتوانن بۆ دەورێکی دیکە دەنگی پێ نەدەن و لە سەر کار لای بەرن. بەڵام لا بردن و لا نەبردن یان باشتر بڵێین جێ گۆڕکێی مۆرەکانی ڕێژیم هیچ لە نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمە ناگۆڕێ و هەموو بەربژێرەکان کار و کردەوەی خۆیان بۆ خولقاندنی جینایەت و تاڵانی سامانی وڵات بە ئەزموون سەلماندووە. بۆ ئەوان وەکهەڤی/بەرانبەربوون، ئازادی، دادپەروەری و ڕەوابوون لە ڕێنوێنییە تێۆلۆژییەکانی ئیسلامی خومەینیەوە سەرچاوە دەگرێ کە بە بڕوای ئەوان، توانەوە لە نێو وەها سیستمێکدا، تەنیا ڕێگای ڕزگارییە. کە وا بوو، دەنگدان و ڕەشکردنی کاغەزێک چ نرخێکی هەیە کە مرۆڤ خۆی بۆ ماندوو بکا!؟ بۆ چی مرۆڤ دەبێ بۆ خۆی و بە دەنگی خۆی ماوەی بندەستیی خۆی درێژ و ڕەوایی بە ژێردەستبوونی خۆی ببەخشێ!؟ باشە ئەرکی ئێمە وەک تاک لە لایەک و وەک کورد لە لایەکی دیکە چیە بۆ خۆ دەربازکردن لەو هەموو زڵم و زۆرە؟

هەر وەک دەزانن، ڕێژیمی ئاخوندی ڕێژیمێکی دژە کوردە. بەو مانایە کە ڕێژیمی خومەینی بەدەر لە ئەوەی کە تاکی کورد چ ئۆل یان بیر و هزرێکی سیاسیی هەیە، تەنیا و تەنیا لە بەر کورد بوون دژایەتیی هەموو کوردێک دەکا و بۆ ئەوەی کە خەڵکی دیکەش بە دژی کورد هان بدا، هەر لە دەستپێکی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتەوە تا ئەمرۆ ڕۆژانە لە پڕوپاگاندا و تۆمەت لێدان و تاوانبارکردنی کوردەکان بە گشتی، کەڵک وەردەگرێ و بۆ لە نێوبردنی کورد لە هیچ جینایەتێک دەست ناپارێزێ. جینایەتەکانی ڕێژیمی خومەینی بە دژی گەلی کورد لەو بارەوە لە گەڵ جینایەتەکانی ڕێژیمی هیتلێر بە دژی جوولەکەکان (ئانتی سێمیتیسم) زۆر وەک یەک دەچێ. هەروەها ڕێژیمی ئاخوندی ڕێژێمێکی ڕەگەزپەرەستە و لە سەر بنەمای ئیدئۆلۆژیی ئێرانچێتی و ئۆلی ئیسلامی خومەینی دامەزراوە و کوردەکان وەک سەرەکیترین دژبەری خۆی لەو بارەوە دەزانێ، و بۆیە بۆ لە نیو بردنی کوردەکان لە هەر ڕێگایەکی لواوەوە تێدەکۆشێ. نەک لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتە داگیرکراوەکەمان، بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە دژی کورد هەوڵ دەدا و کوردستان بە قووڵایی ستراتیژیی ئێران پێناسە دەکا و هەوڵی نفووز و داگیرکاری لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دەدات. هیچ بەربژێرێکی سەرۆک کۆمارییش نەک بەرنامەیەکی بە دژی ئەو ویست و ئامانجەی ڕێژیم نیە، بەڵکوو هەموویان بە ساڵان بۆ ئەم ئامانجەی ڕێژیم کاریان کردووە. ئەوان بۆ سەرکوتی گەلی کورد توانیویانە بە باشی لە نێوان بژاردە و شەقاوەکانی خۆیاندا یەکیەتیەکی نەپچڕاو دامەزرێنن و دژی هەموو ماف و ئازادییەکی گەلی کورد بن. کە وابوو هەموو نیشانەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ڕێژیمی ئاخوندی و کاربەدەستەکانیان وەک ڕێژیمێکی تێئۆلۆژیک و تووتالیتێر دوژمنی هەتا سەری گەلی کوردن. بۆیە تاکی کورد دەبێ وەک ئەرکێک بۆ پاراستنی بوون و مەوجوودیەتی خۆی و بەرژەوەندیی تاکی خۆی نەبێتە بەشێک لە پرۆسەیەک کە حکوومەتی ئاخوندی هەموو ڕێسا و یاساکانی دیاری کردووە. دەبێ هەول بدرێ کە بە دژی ئەو پیلانانەی ڕێژیم، کورد بە یەکگرتوویی و لە جاران زیاتر مەودای نێوان خۆی و ڕێژیمی ئاخوندی زیاد بکا و بە ڕاشکاوانە نیشان بدا کە ئێمە بەشێک لە سیستمی ڕێژیمی ئاخوندی نین. ئێمە نەتەوەیەکین کە گرینگی بە نرخە دێموکراتیکەکان دەدەین و خوازیاری وەدیهاتن و بەدەستەوەگرتنی مافی چارەنووسی خۆمانین و ئەو یەکە لە گەڵ نێوەرۆکی کۆماری ئاخوندی ناتەبایە

کە وا بوو، بۆ ئێمە هیچ جیاوازییەک لە نێوان هیج یەک لە بەربژێرە دز و جینایەتکارەکانی کۆماری ئاخوندیدا نیە و ئێمە لەو بڕوایەداین کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە کۆماری ئاخوندیدا بە دوورە لە ئیرادە و ویستی ئێمە. بۆیە ئەو هەڵبژاردنە دەبێ بە تەواوی بایکۆت بکرێ.

**ژێدەرەکان:**

https://www.duo.uio.no/bitstream/handle/15177/13331/10852.pdf?sequence=1&isAllowed=y
https://no.wikipedia.org/wiki/Antisemittisme
http://www.nupi.no/Skole/HHD-Artikler/2017/Demokrati-er-mer-enn-valg
http://www.sv.uio.no/mutr/publikasjoner/rapporter/rapp2003/rapport60/index5_3-_.html

# ڕۆستەم جەهانگیری لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستاندا

ئا: شەهرام میرزایی

**کاتێک ئێمە باسی "ستەمی نەتەوەیی" دەکەین، ئاماژە بە مێژوویەکی زۆرتر لە ٢٥٠٠ساڵ لێوانلێو لە داگیرکاری، ژینۆساید، ئاسمیلاسیۆن، داگیرکەر، چەوساندنەوە، هەڵداشتن، زیندان و لەنێوبردنی ژینگەی نەتەوەیەک دەکەین کە وێڕای ئەو هەموو جینایەتە، مێژوویەکی لێوانلێو لە بەرخۆدان و شۆڕشی بۆ مانەوە و بەدەستهێنانی ژیانێکی ئینسانی و سەروەریی سیاسی لە بازنەی جوگرافیای خۆیدا تۆمار کردووە. لەم مێژووە تراژیکەدا ئێمە لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بە پێی جیاوازیی ژئۆپۆلتیک و هەروەها بارودۆخی ئەو ناوچانە، بەڕێوەچوونی پیلانگەلێکی جیاواز بۆ لەنێوبردنی نەتەوەکەمان لەگۆڕێدا بووە و هەیە. هەر لەم ڕاستایەدا بۆ تاوتوێ کردنی دۆخی سیاسی_ کۆمەڵایەتیی کوردستان و شێوەی بەڕێوەبردنی پیلانە دژە کوردییەکان و وێکچوویی و جیاوازیی بەڕێوەچوونی ئەو پیلانانە لە دوو ناوچەی زۆر هەستیار و ستراتێژیکی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە ڕۆڵی زۆر گرنگیان لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەماندا هەیە، لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاک "ڕۆستەم جهانگیری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- وتووێژێکمان پێکهێناوە کە دەقی ئەم وتوێژە پێشکەشی خوێنەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەکرێ.**

**پ: کێشەی زمانی دایکی و هەوڵی ڕێژیمی ئێران بۆ لەنێو بردنی زمانی کوردی لە کرماشان و ورمێ، سەرەکیترین مەترسی بەرانبەر بە بزووتنەوەی کوردییە. حیزبەکان و چالاکانی نێوخۆ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتە فاشیستییە چ ئەرکێکیان هەیە و لەو پەیوەندییەدا دەبێ چ بکەن؟**

**و:** ڕاستە کە ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بەردەوام چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستاشدا هەوڵیان ئەوە بووە کە ئاسەوارێک لە زمانی کوردی لەو دوو پارێزگایە نەهێڵن، تەنانەت چەندەش بۆیان کراوە هەوڵیان داوە تا لە سەرانسەری کوردستانیشدا زمانی کوردیی نەتەوەی کورد کەمڕەنگ و ئاسمیلە بکەن و ئاسەواری بشۆڕنەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانە تا بە ئێستا نەیانتوانیوە سەرکەوتوو بن لەو پیلانانەدا.

ناکرێ ئەوە بۆ کاریگەری ئەحزابی چالاکی کوردی نەگێڕینەوە کە توانیویانە ببنە هۆکارێک تا ڕێژیم لەو کارەی خۆیدا سەرکەوتوو نەبێت. بەڵکوو بە ڕای من بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی گەلی کورد و شانازی کردنی کورد بە زمان، جلوبەرگ و کولتووری دەوڵەمەندی خۆی، تەنانەت سەرەڕای سەرکوتی بێبەزەییانەی شۆڕشەکانی و گرتن و ئیعدامی ڕۆڵەکانی، هۆکارێکی گرینگ و کاریگەر بووە بۆ شکست پێهێنان بە پیلانی پاکتاوی زمانی و کولتووریی ئەو نەتەوە مەزنە.

کوردەکانی خۆراسان بەڵگەیەکی زیندوو، بەهێز و حاشاهەڵنەگرن بۆ ئەو ڕاستییە، سەرەڕای ئەوەی کە سەدان ساڵە بە سەدان کیلۆمیتر لە زێد و کەسوکاری خۆیان دوور خراونەتەوە، ئێستاش دەبینین زمان و کولتوور و لە هەمووی سەرتر، هەستی نەتەوەیی خۆیان بە باشی پاراستووە. لێرەدایە کە دەتوانین بڵێن ڕێژیمە فاشیستەکانی ئێران نەیانتوانیوە لەو پیلانەی خۆیاندا سەرکەوتوو بن و هەمیشە لەهەمبەر ڕۆڵەکانی کورددا داماو و دەستەوەستان بوون.

لە پارێزگای ورمێش هەر بەو شێوە، لەگەڵ ئەوەی هروژمی فاشیستی بۆ توانەوەی نەتەوەی کورد دەستی پێکردووە، بەڵام کورد بەردەوام خۆڕاگر و بێمنەت بووە. لە خەباتی خۆی بەردەوامە و هەوڵی پاراستنی کولتوور و زمانی خۆی داوە و هەستی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی نەک هەر لاواز نەبووە، بەڵکوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە گەشانەوەدایە. هەر بۆیە ئاکار و هەڵسوکەوتی ڕێژیم لەو ناوچانە بە نیسبەت پارێزگاکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات زۆر چڕتر و توندترە.

دیارە ڕۆڵی ئەحزابی کوردی و بەتایبەت حیزبی دێموکرات لە سەردەمی کۆماری کوردستان تا بە ئەمڕۆ، ناتوانرێ لەبەرچاو نەگیردرێت کە هەردەم هەوڵی خۆی داوە تا لە ڕێگای نووسراوە و بڵاوکراوەکان و هەروەها چەندە بۆی کرابێت بە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن ببێتە دەنگ و ڕەنگی ئەو خەڵکە و پەرەی بە زمان و کولتووری کورد داوە و بووەتە لەمپەڕێکی بەهێز لەبەردەم نەیارانی کورد لە سەرتاسەری کوردستان بەگشتی و پارێزگاکانی ورمێ و کرماشان و ئیلام بەتایبەتی کە بەڕاستی باندۆڕی ئەرێنیی خۆیشی داناوە.

**پ: وێکچوون و جیاوازییەکانی سیاسەتە فاشیستییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ لەنێوبردنی گەلی کورد چ لە ڕێگای ژینۆساید و چ ئاسمیلاسیۆنی فەرهەنگی لەم دوو ناوچەدا چۆن دەبینن؟**

**و:** هەڵسوکەوت و سیاسەت و گوتاری فاشیستەکانی ئێرانی چ لە سەردەمی دەسەڵاتەکانی پێشوو و چ سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وێکچوونێکی یەکجار زۆری لەگەڵ فاشیستانی تورک و عەرەب لە وڵاتانی تورکیە و عێراقی سەردەمی بەعسدا هەیە کە زۆر بە شێوەیەکی ئاشکرا بێڕێزی بە کولتوور و زمان و بەتایبەت جلوبەرگی کوردەکان دەکەن و بە چاوێکی سووک لە وڵاتی خۆیان سەیر کراون و لە ئیداراتی حکومەتی و کاروباری ڕۆژانەدا و هەروەها لە بازار و کۆڕ و کۆمەڵەکاندا سووکایەتییان پێ کردوون و دەیکەن. هەوڵیان داوە غروور و کەسایەتی کورد بشکێنن و تێکی بڕۆخێنن.

لە ڕووی کولتوورییەوە هەوڵیان داوە تا زمانی کوردی قەدەغە بکەن، نەیانهێشتووە بە زمانی خۆی بنووسێت و بخوێنێت و تەنانەت قسە بکات. ئیزنی نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و هەر جۆرە بڵاوکراوەیەکی دیکەیان بە زمانی کوردی بە کوردان نەداوە، تا کورد لەخۆی بێگانە بێت و لە زمان و مێژووی خۆی دوور بکەوێتەوە و هەست و سۆزی کوردانەی خۆی لەبیر بکات.

بەڵام ئەو سیاسەتە دژی گەلیانە نەک هەر کاریگەرییان نەبووە، بەڵکوو بە پێچەوانە بوونە هۆکار تا کورد زیاتر هەست بە بەرپرسایەتی بکات و باوەڕ بە خۆی بکات و لەبەرانبەر پیلانەکانی نەیارانی ڕابوەستێ و پووچەڵیان بکاتەوە.

**پ: بۆ ئێمە نەمانتوانیوە بەرانبەر بە ئاسمیلاسیونی فەرهەنگیی نەتەوەکەمان کە لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوی هەتا ئێستا بە چڕوپڕی دەستی پێکردووە، سیاسەتێکی کارا و ڕوونمان هەبێ؟ بە واتایەکی دیکە بۆچی خەباتی فەرهەنگی لە لای هێزەکانی کوردی جێگا و پێگەیەکی لاوازی هەیە؟**

**و:** لە سەروبەندی دەسەڵاتی ڕەزاشادا، بەو هۆیەی کە سەرکوت دەستی پێکردبوو و هێزی کورد زۆر چالاک نەبوو یا ئەگەریش خەباتێکی کوردی هەبوو، تەنیا لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا قەتیس مابووەوە. لەو سەروبەندەدا لە ناوچەکانی باشوور و باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ئەحزابی کوردی ڕۆڵی ئەوتۆیان نەبوو. بۆیە توانیی تا ڕادەیەک پێشڕەوی بکات و تا ئاستێک سیاسەتەکانی بۆ ئاسیمیلە کردنی کورد بەرێتە پێش. بەڵام بە ڕەخسانی هەلی گونجاو لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا و هەروەها سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا، ئەو هەموو پەلەقاژە و پیلانگێڕییەی نەیارانی کورد بێ‌ئاکام مایەوە و دەرکەوت کە هەوڵەکانیان هەموو بە فیڕۆ ڕۆیشتوون. چوونکە ڕۆڵەکانی کورد توانییان لە ماوەی چەند ساڵێکدا خۆیان ڕێک بخەن و لەو ساڵانەدا لە بوارەکانی فەرهەنگیدا بە سەدان ڕۆژنامە و کتێب و بڵاوکراوەی دیکەیان نووسی و شۆڕیان کردنەوە بۆ نێو کۆمەڵگای کوردی و پێشوازییەکی چاکیان لەلایەن ڕۆڵەکانی کوردەوە لێکرا، کە بوون بە هۆی گەشە کردن و بەهێز بوونی هەستی نەتەوەیی و لە ڕووی ڕێکخستن و یەکڕیزی کوردانداکاریگەرییان دانا. هەرچەند ڕێژیم هەوڵی دابوو ئەو بڵاوکراوانە دابخات، نووسەران و ڕوناکبیران بگرن و بە زیندانیی درێژماوە حوکمیان بدەن، بەڵام لە بەرانبەر هەست و سۆزی کورد و خەبات بۆ ئازادی و مافی نەتەوەیی کورددا بێدەسەڵات بوون.

ئەو مێژووە پێمان دەڵێ کە کورد ناتوێتەوە. بەو ڕاستییەی کە سەرەڕای ئەو هەموو هێرشە سیاسی و کلتوورییە کە کراوەتە سەرمان، یا تەنانەت لە ئاو و خاکی خۆیان دوور خراونەتەوە، توانیویانە خۆیان ڕاگرن و خۆیان لە بەرانبەر سیاسەتە دژە گەلییەکانی دوژمندا بپارێزن. ڕاستە کە کورد بە مافە ڕەواکانی خۆی نەگەیشتووە، بەڵام تا بە ئەمڕۆ خۆڕاگریی کردووە و بەردەوامە و سوورە لەسەر خەبات بۆ وەدیهێنانی مافەکانی خۆی.

**پ: ورمێ و کرماشان وەکوو دوو شاری مەزنی کوردستان کە لە بواری ژئۆپۆلتیکیشەوە چ بۆ کورد چ بۆ ئێرانییەکان هەڵکەوتەیەکی زۆر گرینگیان هەیە، هەر لە سەردەمی دامەزراندنی حکوومەتی پەهلەوی و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، ئامانجی سیاسەتگەلێکی دژە مرۆیی و فاشیستی بووە تا لەو ڕێگایەوە پێش لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی کوردی لەو دووشارە گرینگە بگرن، ئەرکی ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتانە و پەرەپێدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان لەوێ چییە؟؟**

**و:** بە بڕوای من ناوچەکانی کرماشان و ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەم بۆ دوژمنانی کورد و هەمیش بۆ کورد لە بواری ژئۆپۆلتیک و هەڵکەوت و هێزی مرۆیی، زۆر گرینگ و کاریگەرە. هێزی کوردی دەبێ لەو گەورە شارانەدا خۆی ڕێکبخات و خۆی بپارێزێت و بەهێز بکات و هێزی خۆی بباتە سەر.

بە ڕای من لە داهاتووی ئێراندا ئەو چەند شارە (ورمێ و کرماشان و ئیلام) لە کۆنترۆڵی هەر لایەنێکدا بن، دەتوانێ هێژمونی خۆی بەسەر لایەنی دیکەدا بسەپێنێ.

لەڕاستیدا هەمووی ئەوانەی باس کران کاریگەرن. لە ڕووی زەویشەوە، ئەو ناوچانە خاکی کوردستانن و بەڕاستی مێژوو و خاکی کوردن. بۆیە من لام وایە کە ئەگەر لە داهاتوودا ئەو پارێزگایانە سەر بە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات نەبن، تەنانەت ئەگەر کورد بە هەموو مافەکانی خۆیشی گەیشتبێت، ئەو دەسەڵاتە پاراستنی ئەستەم و لەرزۆک دەبێ. وەک ئەوەیە کە مرۆڤێک نوقسان بێت. ئەگەر ئەو پارێزگایانە لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی نەبن، ئەگەر کرماشان و ئیلام و ورمێ لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی نەبن، هەروەک مرۆڤێکە کە کەمئەندامە. زیندووە، قسە دەکات و دەژیت، بەڵام هەردوو لاقی نییە و ناتوانێ لەسەر لاقی خۆی ڕاوەستێ و ڕێ بکات. واتە کورد بە بێ ئەو پارێزگایانە کەمئەندامە.

**پ: لە قوناغی نوێی خەباتی ڕزگاریخوزانەی کوردستان، واتە "ڕاسان" کە شار ناوەندی خەباتە، چالاکانی سیاسی، کولتووری و مەدەنیی کورد لە نێوخۆ چۆن دەتوانن خۆیان لە ڕاساندا بدۆزنەوە؟**

**و:** لە خەباتی ئەمجارەدا هەموو کوردان لە سەرتاسەری کوردستاندا بەشدارن و کاریگەریی خۆیان هەیە. زۆر گرینگە کە بە هەست بە بەرپرسایەتییەوە ڕۆڵی خۆیان ببینن. بە ڕای من لە ڕاسانی ئەمجارەدا ئەگەر کرماشان و ئیلام و ورمێ بە شێوەیەکی ئەکتیڤ ڕۆڵ بگێڕن، بە دڵنیاییەوە هەر وەک لە دوو زەمەنی مێژوویدا تاقی کراوەتەوە سەرکەوتن بۆ گەلەکەمان مسۆگەر دەکەن.

یەکەم سەردەمی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ هەتاویدایە کە مادام لە خوارەوەی کوردستان پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و لە لای سەریشەوە پارێزگای ورمێ تا دەگاتە ماکۆ سەر بە دەسەڵاتی کوردی نەبوون و لەدەست دوژمندا بوون، دەرئەنجامەکەی بوو بەوەی کورد خۆڕاگری و بەربەرەکانێی لاواز بێت و بە خێرایی تێکشکا. هەروەها ئەوی دیکەیان لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و لە سەردەمانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە سەر دەسەڵاتی پاشایەتیدایە کە دیسان لاوازیی کورد لە ڕۆژهەڵات لەوەدا بوو کە لە پارێزگاکانی ورمێ و کرماشان و ئیلامدا، کورد ئەو ڕۆڵەی کە دەبوو هەیبێت، نەیبوو. چوونکە چ لە ڕووی پانتایی خاک و چ هێزی مرۆیی و هەروەها لە ڕووی هێزی ئابوورییەوە، ئەگەر سەر بە هێزی کوردی بان، بەوشێوەیە بە خێرایی دوژمن نەیدەتوانی پاشەکشە بە هێزی کورد بکات. بۆ دیپلۆماسی کورد و لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە دڵنیایەوە کاریگەری و دەنگدانەوەی خۆی دەبوو.

بۆیە پێویستە تا ڕۆڵەکانی ئیلام و کرماشان و ورمێ، شان بە شانی سنە و موکریان بێنە گۆڕەپانی خەباتەوە و چالاکانە ڕۆڵ بگێڕن و هێزیان نیشان بدەن. ئەو کاتەیە کە دەتوانین بڵێین شۆڕشی ئەمجارەی کورد گشتگیرە و بە تێکڕا سەرتاسەری پانتای کوردستانی ڕۆژهەڵاتی تێدا بەشدارە. ئەگینا هەر وەک لە وەڵامی پێشوودا ئاماژەم پێدا، تەنانەت ئەگەر لە هەندێ بواریشدا بتوانین سەرکەوتن بەدەست بێنین، دیسانەوە هەر دەسەڵاتی کوردی ناکامڵە و ناتوانێ بە تەواوەتی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ.



ڕۆستەم جەهانگیری:

## کورد بە بێ پارێزگاکانی ورمێ، کرماشان و ئیلام جەستەیەکی کەمئەندامە

# تاوتوێ کردنی هەڵبژاردن لە چەند پرسیاردا



ئاگری ئیسماعیل نژاد

**پێشەکییەکی پێویست:**

بابەتی هەڵبژاردن وەک چەمکێک کە لە دەسەڵاتێکی دێموکراتیکەوە، چۆتە نێو کۆماری ئیسلامی و هەر وەها بوونی دوو باڵی جیاواز لە پێکهاتەی سیاسی ڕێژیمدا، وای کردووە، کە لە ئێراندا هەم کۆمەڵگا و هەم لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی پێکهاتەی ڕێژیم لە هەڵوێست گرتن، لەسەر هەڵبژاردن تووشی جۆرێک دڕدۆنگی و ڕاڕایی بێن، و دەرئەنجامی ئەو ڕاڕا بوونەش، دەبێتە ئاوێک و دەچێتە ئاشێ کۆماری ئیسلامییەوە.

بابەتی ئەو وتارە هێنانە ئارای چەند پرسیار و خاڵێکە بۆ ئەو مەبەستەی تاوتوێی ئەوە بکرێت، ئایا هەڵبژاردن لە چوارچێوەی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامییدا دەکرێ، وەک دەرفەتێکی سیاسی یان تەنانەت وەک دەرفەتێک بۆ زەربە لێدان، لە کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێ وەرگرین؟!

لەوەی کە هەڵبژاردن لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامییدا ناچێتە، جەغزی هەڵبژاردنێکی دێموکراتیک هیچ ڕاڕاییەک نییە، زۆربەی نزیک لە تەواوی لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەم هەتا زۆر ئامادە نین هەڵبژاردنەکانی ئێران وەک هەڵبژاردنێکی دێموکراتیک و ساغ و ئازاد سەیر بکەن، بەڵام باس و خواسی سەرەکی لە دەرهاویشتەکانی هەڵبژاردن، دەست پێدەکات، بەو مانایەی کە بەشێک لە لایەنە سیاسییەکان لەو باوەڕەدان کە هەڵبژاردن لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامییدا دێموکراتیک نییە، بەڵام چون جیاوازی سیاسی و کرداری لە نێو باڵەکانی ڕێژیمدا هەیە، ئەوەش وادەکات کە دەرهاویشتەی هەڵبژاردنەکان گرینگ بێت و دەرهاویشتەی جیاواز وا دەکات، چارەنوسی کۆمەڵگای ئێران جیاواز بێت، و بۆیەش بەشداری کردن، لە هەڵبژاردن گرینگ و تەنانەت چارەنووس سازیشە.

**یەکەم پرسیار ئەوەیە، ئایا ڕیفۆرمخوازەکان بە هەڵبژاردن دەتوانن ئامانجە ستراتژییەکانیان بێنە دی؟**

بابەتی دوباڵی و جیاوازیی سیاسی و کرداریی ئەو دووباڵە لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامییدا، لە هەڵبژاردنی ۱۳۷٦دا هاتۆتە ڕوو، لە W۲۰ ساڵی ڕابردوودا ۱۲ ساڵی دەسەڵات بە دەستی ئەو بەرەیە یان باڵە بووە، کە خۆی وەک ڕیفۆرمخواز دەناسێ، و ۸ ساڵیشی دەسەڵات لە دەست ئەو باڵەدا بووە کە خۆی وەک بناژۆخواز دەناسێت، ئەگەر هەڵبژاردنی ۲ی جۆزەردانی ۱۳۷٦ بکەینە بنەما بۆ بابەتی ڕیفۆرمخوازی، دەبێ بڵێین کە ئەو هەڵبژاردنە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕیفۆرمخوازەکان ڕەخساند هەتا گرینگرتین جومگەی دەسەڵاتداریی نێو پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەتوانێ بەدەستیەوە بگرێ، بەدەستێوە بگرن.

لە ماوی دوو ساڵی یەکەمدا مەرجی وەدیهاتنی بەڵێنەکانی باڵی ڕیفۆمخوازەکان ئەوە بوو کە ئەوان تەنیا حکوومەتیان بەدەستەوەیە، و بێ مەجلیس ناتوانن هیچ کارێک بەرنە پێشێ، ئەو مەرجە یان بیانووە وای کرد، کە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەم لە ساڵی ۱۳۷۸دا، ڕیفۆرمخوازەکان زۆرینەی ڕەهای مەجلیسیان بەدەستەوە گرت، بەڵام بۆ ئەوەی بزانین، پاش ئەو بابەتە چی ڕوویدا، وا باشە، سەیری نامەی ۱۲۷ نوێنەری ئەو کاتی مەجلیسی ئێران بکەین کە لە مانگی گوڵانی ۱۳۸۱ ڕوو بە خامنەیی نووسییان. ئەو نوێنەرانە لەو نامەیەدا کە بە نامەی "جامی ژەهر" ناسراوە دەڵێن:

"هەڵوەشانەوەی بڕیارەکانی مەجلیس و حکوومەت، و ڕاگواستنی دەسەڵات لەو دوو ڕێکخراوەیەوە بۆ ڕێکخراوەگەلی وەک : "شورای نگهبان"، "مجمع تشخیص مصلحت" و "شورای انقلاب فرهنگی" و تەنانەت بە سەرتر زانینی، ئەساسنامەی "کمیته امداد" و بڕیارنامەی فرۆشتنی شتومەکی لەکەڵک کەوتووی "نیروی انتظامی" لە قانونێکدا کە مەجلیس بڕیاری لەسەر داوە، و بێ ئیختیار و بێ ئیرادەکردنی بەڕێوەبەران و بەرپرسانی حکوومەت لە ڕێگای مەلۆتکە پێچ کردن و درۆ هەڵبەستن، و دژایەتی کردن و سەرکوت کردنی ڕێکخراوەگەلی سەربەخۆی وەک حیزبەکان، ڕێکخراوی پارێزەرانی ئێران، ڕێکخراوی زانستی و توێژینەوە و فەرهەنگی، بمانەوێت یان نەمانەوێت دەرهاویشتەی ئەو کردەوانە بۆتە هۆی ئەوەی بۆ هەموو خەڵکی ئێران و دنیاش بسەلمێنین کە لە ئێران هیچ ئاڵوگۆڕێک ڕوونادات و ئەوە بۆ هەموو لایەک ڕوون بێتەوە کە دەنگی خەڵک کە خواستی سەرەکییان گۆڕینی ڕوانگە و شێوازەکانە، هیچ کارتێکەرییەکی نییە، بەو شێوەی دەرکەوت کە ناوەندەکانی دەسەڵات هێمای ئیرادەی نەتەوەیی نین و ڕوون بۆوە کە ئەو ناوەندانەی کە دەبێت و پێویستە چەقی چارەسەری کێشەکان بن و هێمای سەروەری نەتەوەیی و یەکگرتوویی بن، ڕادەستی دەمارگرژترین کەسەکانی دژی ڕیفۆرمخوازی دەکرێت، تەنیا بۆ ئەوەی بگوترێ کە دەنگی خەڵک هیچ بایەخێکی نییە[1]".

لە دەقی ئەو نامەیە کە لایان ۱۲۷ نوێنەری باوەڕمەند بە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازییەوە نووسراوە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئەگەر ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی لە ئێراندا درۆ و دۆڵابێکی سیاسیش نەبێت و باوەڕێکی ڕاستەقینەش بێت، ناتوانێ ئامانج و ستراتژی خود بێنێتە دی.

بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتری ئەو باسە پێویستە کورتەیەک لەسەر شێوازی پێکهاتەی دەسەڵاتداری لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامییدا باس بکرێت:

بەپێی دەستووری کۆماری ئیسلامی لە فۆرمی پێکهاتەی ئەو ڕێژیمەدا، دوو جۆر ناوەندی دەسەڵاتمان هەیە، ئەو ناوەندانەی کە دانداراوان(انتصابی ) ئەو ناوەندانەی کە هەڵبژێردراون(انتخابی ) سەرەڕای ئەوەی کە گرینگە باس لەسەر ئەوە بکرێت کە پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ ناوەندە هەڵبژێردراوەکان چۆنە و بە چ ئاقارێکدا تێدەپەڕێت و هەڵبژاردن بە چ شێوازێک بەڕێوە دەچێت؟!! هەتا چەندە دەرفەتی بەرانبەر هەیە بۆ ئەوەی لایەنێکی سیاسی دەسەڵاتە هەڵبژێردراوەکان بەدەستەوە بگرێت، بەڵام گرینگترە کە بزانین هەم لە دابشکاریی دەستووری و هەم لە دابشکاریی کردەکیدا، ڕێژەی دەسەڵاتی ئەو ناوەندانەی کە هەڵبژێردراون لە چاو ئەو ناوەندانی کە داندراون چۆن و چەندەیە؟

ئەگەر ئەو قسەی محەممەدی خاتەمی کە لە کۆتایی خولی دووهەمی سەرۆک کۆماریی خوێدا باسی لێکرد "سەرۆک کۆمار ئامادەکارێکە(تدارکاتچی )" و هاوکات لەگەڵ ئەوە نامەی "جامی ژەهریش" وەک نامەیەک کە لەلایەن باوەڕمەندان بە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی نووسراوە بێنینە بەر چاو و هەروەها ڕووداوگەلی وەک ڕێگەنەدان بە خۆ کاندیدا کردنی "مەحموود ئەحمەدینژاد" بە هۆی ئەوەی کە وەک ڕوون بۆوە خامنەیی بە باشێ نەدەزانی، لە پاڵ یەک دابنێین، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە بەکردەوە سەرۆک کۆمار، لە پێکهاتەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامییدا "ئامادەکارە"، ئامادەکارێکە بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی عەلی خامنەیی و ناوەندە داندراوەکانی نێو دەسەڵات.

**بەڵام لە ڕووی دەستوورییەوە چی؟**

بە پێی مادەی ۱۱۰ی دەستووری کۆماری ئیسلامی، سەرۆک کۆمار بەپێی دەستوور هیچ دەسەڵاتی بەسەر هێزە چەکدارەکانی نێو کۆماری ئیسلامیی و ڕاگەیاندندا نییە و تەنانەت سەرۆک کۆمار ناتوانێ سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامییش دیاری بکات. بەڵکوو هەموو ئەو دەسەڵاتانە، لەگەڵ دەسەڵاتی دیاری کردنی ناوەندە داندراوەکانی نێو دەسەڵاتیش دراوە بە "وەلی فەقیهـ".

ئەگەر کۆی دەستووری کۆماری ئیسلامی و چەند خاڵی وەک مادەی ۵۷، ۹۳، ۹۸، ۹۹ و ۱۱۰ لە دەستووری کۆماری ئیسلامییدا لەبەر چاو بگرین، بە ڕوونی دەردەکەوێت کە پلەی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا پتر پلەیەکی ڕواڵەتییەوە و زیاتر بۆ ئەوە داندراوە کە هەڵە و پەڵەکانی "وەلی فەقیهـ"ی پێ داپۆشرێ، نەک ئەوەی خۆی بڕیاردەر بێت و بتوانێ ئاراستەی کارەکان بەدەستەوە بگرێت.

کە وایە ئەگەر هەموو ئەو دروشمانەی، کە ڕیفۆرمخوازەکان لە کاتی هەڵبژاردندا دەیدەن، ڕاستیش بێت و هیچ فێڵ و چاوبەستنێکی سیاسی لە پشت نەبێت، وەدی هاتنی ئەو دروشمانە لە ڕێگای هەڵبژاردن لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی و بە بەدەستەوە گرتنی پلەی سەرۆک کۆماری نەک دژوار، بەڵکوو نامومکین و ئەستمە و وەک دەڵێن خەیاڵێکە و هیچی تر.

**گەندەڵیی پێکهاتەمەند و ئاڵوگۆڕی سیاسی لە کۆماری ئیسلامییدا**

لە پاش ئەو باسە ئێمە لە ئێستادا لەگەڵ بابەتێکی تر لە کۆماری ئیسلامییدا بەرەوڕووین، بابەتی گەندەڵیی پێکهاتەمەند لە نێو دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامییدا، بۆ دەرکەوتنی ئاستی گەندەڵی لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامییدا پێویست بە لێکۆڵینەوەی زۆر بەرین و دژوار نییە، وەک ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەکانی نێوخۆی ئێران و ژێردەستی کۆماری ئیسلامی ڕا بڵاودەکرێتەوە، ڕوونە کە گەندەڵییەکی سیاسی، چەکداری، ئابووری و بڵاقۆکی لە چوارچێوەی پێکهاتەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامییدا بوونی هەیە و دەکرێت بەو گەندەڵییە بڵێین، ململانێی "مافیای دەسەڵات".

ئەو مافیای دەسەڵاتە، لە هەموو جومگەیەکی دەسەڵاتداریی نێوکۆماری ئیسلامییدا بوونی هەیە، وەک دەبینین، بە پێی ڕاگەیاندنی خۆیان سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، لە کۆماری ئیسلامییدا، ساڵانێکە، چەندین ژمارە حیسابی تایبەتی خۆی هەیە و سەروەت و سامانی دەسەڵاتی دادوەری لە نێو حیسابی تایبەتی ئەو سەرۆکەدایە، دیارە گەندەڵیی سپای پاسداران کە مەحموودی ئەحمەدینژاد پێی گوتن: "برایانی قاچاغچی" و گەندەڵیی ناوەندگەلی وەک بەڕێوەبەرانی قەبری ئیمام ڕەزا، قەرارگای خاتەم، بنەماڵەی مەلا دەسرۆشتووەکان و نووسینگەی مەرجەعی تەقلیدەکان بە ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەکان بە بەڵگەوە بڵاودەبێتەوە و بەشێکی زۆر لەگەڵندەلییەکانیش لەو ساڵانەی دواییدا لەلایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە دانی پێداهێندراوە.

لێرەدا دوو پرسیاری سەرەکی دێتە گۆڕێ، یەکەم ئەوەیە، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتداریی سەرۆک کۆماری تەنیا "ئامادەکارییە" چۆن دەتوانێت بەرەورووی ئەو مافیا زەبەلاحە بێتەوە و ئاڵوگۆڕی پێویست لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامییدا ساز بکات؟ چون ناکرێت بڵێین بۆ ئاڵوگۆڕ پێویست ناکات مافیای دەسەڵاتی نێو کۆماری ئیسلامی لەنێو بچێت.

دووهەم پرسیار ئەوەیە، چ گارانتییەک هەیە کە ئەو کەسانەی کە هەڵدەبژێردرێن، جا چ سەرۆک کۆماریی بێت و چ شوێنەکانی تر، دواتر بە هۆی ئەوەی هێزیان بە مافیای نێودەسەڵات ناشکێ خۆیان نەبن بە بەشێک لەو مافیایە و وەک کورد دەڵێ: "ئەو دەستەی کە بۆت نابڕدرێ، ماچی بکە".

درێژە لە لاپەڕەی ۱۰

# ئەمریکای ترامپ و دیکتاتۆرەکانی سەردەم

ئەلبۆرز ڕووئین تەن

سەرەڕای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کورت لە دەسەڵاتداریی ترامپ، پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و دیکتاتۆرەکانی سەردەم زۆر ئاڵۆز بووە و تەنانەت زۆر لایەن کاتژمێری سفری دەستپێکی شەڕی جیهانی کە لایەکی ئەمریکا بێت، ڕادەگەینن. ئەو جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ حکوومەتی پێشووی ئۆباما هەیە کە خەڵاتی نۆبێلی ئاشتیی وەرگرتبوو، بەڵام زۆر کێشەی چارەسەر نەکراوی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەجێهشت. چوونکە ئێستا وێڕای هەڕەشەی زارەکیی بەرپرسانی ئەمریکا، بینەری هێرشی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بووین کە ئەو پرسە زیاتر لە کابینەی سەربازیی ترامپ، بۆ لێبڕاوی و سووربوون لە بڕیاردانی ترامپ دەگەڕێتەوە.

ئەو شێوازە سیاسەت کردنە لەوانەیە بۆ ئێمە تەنیا کاتێک سەرنجڕاکێش بێ کە لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا بێ، بەڵام ئێستا ئەوەی تا ئاستی هەڕەشە و شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆریای باکوور لە گۆڕێدایە، دونیای نیگەران کردووە، چوونکە لە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی لەوشێوە، خەساری زۆری بەدواوە دەبێ.

ئەمجۆرە بڕیاردانەی ترامپ تەنیا بۆ کەسایەتیی بازرگانیی ئەو کە لە هەموو بابەتێکدا لە چوارچێوەی قازانج و خەساری ئەمریکادا لێکدەداتەوە ناگەڕێتەوە، بەڵکوو بۆ تێرنەبوونی خواستی دیکتاتۆرەکان و پەرەپێدانی شەڕ و کوشتن لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان دەگەڕێتەوە کە سیاسەتی ئاشتی و بەڵاپارێزیی ئۆباما دەستی دیکتاتۆرەکانی لەو ڕووەوە ئاوەڵاتر کردبوو.

لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا کە کۆریای باکوور بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستی داوەتە تاقیکاریی مووشەکیی و مانۆڕی جۆراوجۆر کە بتوانێ بەهێزیی خۆی بۆ بەرگری و تەنانەت هێرش کردن نیشان بدا، لەلایەن ئەمریکاوە بێ‌وەڵام نەمایەوە و کەشتی فڕۆکەهەڵگر ناردرایە ئاوەکانی نزیک کۆریا و دەریای چین کە سوور بوون و دەسەڵاتی بەهێزی ئەمریکا نیشان دەدات.

ئەمریکا بەوەشەوە نەوەستا و مووشەکی دوورهاوێژ کە توانای هەڵگرتنی کڵاوی ئەتۆمیی هەیە و زیاتر لە چوار هەزار کیلۆمەتر دەبڕێت، تاقی بکاتەوە.

هەرچەند بۆ درووست نەبوونی ئەو شەڕە چین ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، چوونکە دژی دروستبوونی شەڕە و لایەنگری لە مانەوەی کۆریای باکوور و دیکتاتورە لاوەکە دەکات و لەڕاستیدا ڕاگرتنی ئەو باڵانسە لە سەردەمی ترامپدا زۆریش سانا نییە و چین بە باشی دەزانێ لە ئەگەری نەمانی دیکتاتۆرە لاوەکەدا، کۆریای باکوور و باشوور لەوانەیە یەک بگرن و هێزەکانی ئەمریکا تا




سنوورەکانی چین نزیک ببنەوە و ئەو قازانجە بازرگانییەی چین لە کۆریای باکوور بەدەستی دێنێ، بەسەرهەڵدانی شەڕ، لەکیس بچێ.

بۆ ئەوەی گرنگیی و مەزنیی قەیرانی دروستبوو بەوردی لێک بدرێتەوە، پێویستە چاوێک لە هێزی سەربازیی کۆریای باکوور بکرێ کە بەگوێرەی ڕیزبەندیی گۆڤاری "گلۆباڵ فایر" لەساڵی ڕابردوودا، ٢٥ هەمین هێزی سەربازیی دونیایە کە ٧٥٠ هەزار سەربازی زەوی و ٤٥٠ هەزار سەربازی دیکەی بۆ کاتی پێویست هەیە. خاوەن ٤٥٢ فڕۆکەی شەڕکەر و زیاتر لە ١٠٠ فڕۆکەی گوا ستنه و ه ، ٢ ٢ ٢ کۆ پتە ر ی هێزی ئاسمانی و خاوەنی هێزی دەریایی بەهێزە کە ٢٣هەمینە لە دونیادا. جیا لەوانە، ئەوەی جێگای نیگەرانییە هەبوونی ١٦ بۆ ٢٠ بۆمبی ئەتۆمی و هێزی مووشەکیی بەربڵاوە کە دەتوانێ کڵاوەی ئەتۆمی هەڵبگرن.

هەمووی ئەو هێزە و تەواوی بوارەکانی دیکەی وڵاتە ٢٤ میلیۆن کەسییەکەی کۆریاری باکوور لە ژێر بڕیاری دیکتاتۆر کیم یونگ دایە کە بەهۆی هەڵسوکەوتە جیاوازەکەی، چاوەڕێی هەر جۆرە بڕیارێکی لێدەکرێت. هەر ئەو پرسەش بۆتە جێگای نیگەرانی، نەک هەڵسەنگاندنی هێزە سەربازییەکەی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە و پێویستە بەهەند وەربگیرێت، جیاوازیی سیاسەتی ئۆباما و ترامپە لەگەڵ ئەو دیکتاتۆرانە بەتایبەتی ئێران و کۆریای باکوور، چوونکە سەرەڕای ئاکامی خراپی سیاسەتی ئۆباما، بەڵام ئەوەشی سەلماند کە ئاشتی و پەرەپێدانی پێوەندییەکان و لابردنی گەمارۆکان دەتوانێ دەرەتانی زیاتر بۆ ئەو دیکتاتۆرانە دروست بکات بۆ پەرەپێدان بە سیاسەتە دژە مرۆییەکانیان کە دونیای ئێستا بە دەستیانەوە دەناڵێنێ.

ئەوەی لە ڕابردوودا دەبینرا، ئەو دیکتاتۆرانە بە هەڕەشە و تێکدان و دەستێوەردان وەکوو بەرگێک بۆ وەرگرتنی قازانجی زیاتر لە دانوستان کەڵک وەردەگرن، بە بڕیارەکانی ترامپ و سیاسەتە نوێکەی ئیتر کۆتایی بەو جۆرە سیاسەتە هاتووە، چوونکە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر هەست بە مەترسیی ئەمجۆرە دیکتاتۆرانە دەکرێ. لە ئەگەری ڕوودانی هەر شەڕێک، مەترسیی کۆریای باکوور بۆ ئەمریکا زۆر کەمترە لە مەترسی بۆ سەر کۆریای باشوور، چوونکە سێئوول و بیونگیانگ تەنیا ١٩٥ کیلۆمیتر لێک دورن و دیکتاتۆرە لاوەکە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی داگیر کردنی ئەو وڵاتە دەدات. تەنانەت ئەگەر داگیریشی نەکات، بە بۆردمان هەموو شیوە خەسارێکی لێ دەدا و ئەوەش خوویەکی دیکەی ئەو دیکتاتۆرانەیە کە بۆ مانەوەی خۆیان هەموو ڕێگایەك دەگرنەبەر، جا چەندە دژە مرۆڤایەتی بێت گرنگ نییە بۆ ئەوان.

هەر لەو سۆنگەیەوە بێدەنگ مانەوە لە بەرانبەر ئەو هەڕەشانەدا ناتوانێ کێشەکە چارەسەر بکات و لەوانەیە هەر ئەو پرسەش ببێتە هۆی ئەوەی ئەمریکا و ترامپ دەیانهەوێ بە جۆرێکی دیکە بجووڵێنەوە بۆ ئەوەی ئەو کێشە نەمێنێت.

هیچکات لایەنگری شەڕبوون شتێکی باش نییە، بەڵام لەپیناو کۆتایی هێنان بە خوێنڕێژی و هەروەها ڕزگار بوون لە دیکتاتۆری سیاسەتی نوێی ئەمریکا جێگای هیوایە کە بەو شێوەیە دونیا لە دیکتاتۆرێکی دیکە ڕزگاری بێت.

---

درێژەی لاپەڕەی ٩

ئەگەر وابێت بوونی مافیای پێکهاتەمەندی نێودەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی لەخۆیدا بەربەستێکی گەورە بۆ وەدیهاتنی ئامانج و خواستی سیاسییە و دەبێت لە هەر خوێندنەوەیەکی سیاسیی ئێران لەبەرچاو بگرێت.

### ڕیفۆرم وەک پرۆسەیەکی بەرێوە

هیچ نکولی لەوە ناکرێت کە ڕیفۆرم لە هەر پێکهاتە و دەسەڵاتێکدا پرۆسەیەکی یەکشەوە نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی درێژخایەنە و کات گرە و پێویستی بە پشوودرێژی و لەسەرخۆیی هەیە، بەڵام گرینگیی ڕیفۆرم ئەوەیە کە پرۆسەیەکی بەرێوەیە، بەو مانایەی کە ڕیفۆرم دەبێت بێ‌پسانەوە و گەڕانەوە بەردەوام بێ، کە وایە ئەگەر پرۆسەی ڕیفۆرم لە دوو تایبەتمەندیی سەرەکی پێکهاتووە؛ یەکەم: بەرەبەرەیە؛ بەو مانایەی کە بەردەوام و بێ‌پسانەوە هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێت.

دووهەم: درێژخایەن و کات گرە

ئەگەر لە ئێستادا و پاش ٢٠ ساڵ ململانێی ڕواڵەتیی نێوان ڕیفۆرمخواز و بناژۆخواز وەک مێژووی ڕیفۆرمخوازی لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامییدا سەیر بکەین، بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە سەرەڕای ئەوەی بەشێکی زۆر لە کەسایەتییەکانی نێو ڕیفۆرمخوازەکان لە دەسەڵات وەدەرنراون، خواست، داخوازی و دروشمی ڕیفۆرمخوازەکانیش قۆناغ بە قۆناغ کورت کراوەتەوە، تەنانەت لە هەڵبژاردنی دوازدەهەمین خولی سەرۆک کۆماریدا وەک دەبینین ڕیفۆرمخوازەکان لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆحانی لە ماوەی چوار ساڵی یەکەمی سەرۆک کۆمارییدا هیچکام لە خواستەکانی ئەوانی نەهێناوەتە دی و بە فەرمی خۆی لەبەرەی ئەوان نازانێ، بەڵام ئەوان خۆیان لەگەڵ دروشم و خواستی ڕۆحانی گونجاندووە و پاش ئەوەش هەر لاینگری لە ڕۆحانی دەکەن و وەک کاندیدای خۆیان دەیناسن.

### ئەو کردەوەیە پیشاندەری سێ شتە:

١: لە ڕووی پێگە لە دەسەڵاتدا، ڕیفۆرمخوازەکان قۆناغ بە قۆناغ پاشەکشەیان کردووە و بە تەواوی لە دەسەڵات پەراوێز خراون، کە وایە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی لەگەڵ ئەوەی بە پێوەری خۆیان ١٢ ساڵی لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتی سەرۆک کۆماری بەدەستەوە بووە، بەڵام لە ڕووی واقعەوە کەمدەسەڵات کراوە و بۆیە گرەوکردن لە سەریان لە ڕاستییدا "گرەو لەسەر ئەسپی دۆڕاوە".

٢: پرۆسە یان پرۆژەی ڕیفۆمخوازی لە ئێران بە تەواوی شکستی خواردووە و ڕەوتی ڕیفۆرمخوازیی نێو ڕێژیم ناتوانێ هیچ ئاڵوگۆڕێک لە پێکهاتەی ڕێژیم و تەنانەت لە پێناوی مانەوەی خۆی لە بازنەی دەسەڵاتدا بێنێتە دی، باشترین وێناش بابەتی "ئاشتیی نەتەوەیی" "محەممەد خاتمی"یە کە پاش ئەوەی عەلی خامنەیی بە پرۆژەیەکی هەڵە و ناپێویستی دانا، هەموو ڕیفۆرمخوازەکان بێ هیچ کردەوەیەک پێملی ئەو قسەی خامنەیی بوون و خۆیانیش بوون بە ڕەخنەگری پرۆژەکەیان و وەک جۆرێک زێدەخوازی باسیان لێ کرد.

٣: ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی لە ئیستادا، پرۆژەیەک بۆ ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامییدا نییە، لە نەرمترین خوێندەوەدا پرۆژەیەکە بۆ گەڕانەوەی بەشێک لە ئەو کەسانەی کە لە دەسەڵات پەراوێز خراون، ئەگەر پرۆژەیەک نەبێت بۆ ئەوەی بەر بەو ڕوانگانە بگرێت کە باوەڕیان بە ئاڵۆگۆڕە لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆماری ئیسلامییدا.

### کوردستان و هەڵبژاردن

لایەنە سیاسییەکانی کوردستان زۆربەی جاران کە ڕەخنە لە هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی دەگرن، باسی ئەوە دێننە گۆڕێ کە هەڵبژاردنەکان دێموکراتیک نییە، ئەوە لە کاتێکدایە کە لایەنی سیاسیی کوردستان پێوەری سەرەکیی بۆ بەشداری کردن یان بەشداری نەکردن لە پرۆسەیەکی سیاسیدا دەبێت ئەوە بێت کە ئەو پرۆسەیە هەتا چەند دەتوانێ بە قازانجی نەتەوەی کورد و کۆمەڵگای کوردستان بێت. ئەوە بەو مانایە نییە کە هەڵبژاردنی نادێموکرات بە قازانجی کوردستانە، بەڵکوو بەو مانایەیە کە هێزی سیاسیی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا دەبێت داکۆکیکاری بەرژەوەندیی کوردستان بێت و هەموو خوێندنەوەکانی بە چاویلکەی ئەو بەرژوەندییەوە بێت.

ئەگەر لایەنێکی سیاسیی کوردستان باس لەسەر هەڵبژاردن لە ئێران دەکات، یان باس لە یاریی سیاسیی نێو باڵەکانی ڕێژیم دەکات، دەبێ بنەمای هەموو خوێندنەوەکانی لەسەر دابین کردنی بەرژەوەندیی کوردستان بێت، پێویست ناکات لایەنێکی سیاسیی کوردستانی ئەوە بۆ ڕای گشتیی ئێران بسەلمێنێت کە ململانێی نێو باڵەکانی ڕێژیم هەتا چەند ڕاستە و هەتا کوێی درۆیە، بەڵکوو لایەنێکی سیاسیی کوردستانی دەبێت باس لەسەر ئەوە بکات کە ململانێی نێو ڕێژیم ڕاست یان درۆ هەتا چەندە بە قازانج یان زەرەری کوردستانە. وەک ڕەخنەیەک دەبێ بگوترێ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان زۆرترین ڕەخنەیان لە هەڵبژاردنی ئێراندا، بابەتی دێموکراتیک بوون و نادێموکراتیک بوونی ئەو هەڵبژاردنەیە، لە کاتێدا ئەوان دەبێت چەقی بابەتەکەیان لەسەر ئەوە بێت ئایا هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامییدا قازانجی تاکتیکی یان ستراتژی بۆ دۆزی کوردستان هەیە، یان نا؟!! و لەسەر ئەو بنەمایە هەڵبژاردنی ئێران تەحریم بکەن یان تێدا بەشدار بن. هیچ لایەنێکی سیاسیی کوردستانی نابێ ترسی لەوە هەبێت کە ئەگەر پرۆژەیەک لە ڕواڵەتیشدا دێموکراتیک بوو، بەڵام قازانجی کوردستانی تێدا نەبوو، نەهی لەو پرۆژەیە بکات و بەشدار نەبێ تێدا.

### دەنگی کورد وەک کارتێکی فشار

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرۆک کۆماریی ئێراندا، بابەتێک هاتۆتە گۆڕێ کە دەڵێت: دەکرێت دەنگدانی کوردستان بکرێتە کارتی فشار بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەند بە تایبەتی بۆ سەر ڕیفۆرمخوازەکان و لەو ڕێگایەوە ئاوانسی تایبەت لە ناوەند بە قازانجی کوردستان وەرگیرێت.

ئەو خوێندنەوەیە لەسەر ئەو بنەمایە داندراوە کە کۆمەڵگای کوردستان ئەگەر لە دەنگدانی کۆماری ئیسلامییدا بەشداری دەکات، لانیکەمی لە ٦ هەڵبژاردنی ڕابردوودا دەرکەوتووە کە ڕووی دەنگی کوردستان لە کاندیدایەک بووە کە وەک کاندیدای دژبەری سیاستەکانی خامنەیی ناسراوە و بە هۆی ئەوەی لە دوایین هەڵبژاردندا ڕێژەی ئەو دەنگەی کە کاندیدای ڕیفۆرمخوازەکانی کردە سەرۆک کۆمار زۆر کەم بوو، دەکرێت دەنگی کوردستان لە ئاستی ئێراندا وەک دەنگێکی گرینگ و چارەنوسساز سەیری بکرێت، ڕەنگە ڕواڵەتی ئەو خوێندنەوەیە لۆژیکی و تەنانەت زیرەکانەش بێت، بەڵام ئەو خوێندنەوەیە دوورە لە واقع و پتر لەسەر قاقەز دەتوانێ مانای هەبێت، چون هێزێک دەتوانێ لە سەر بنەمای هەڵبژاردن دانووستان بکات کە ئەو هێزە وەک لایەنێکی قانونی لە گۆڕەپانی سیاسیی‌دا ناسرابێت، کاتێک کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان وەک لایەنی قانونی نەناسراون و هەروەها هیچ هێزێکی باوەڕ پێکراوی ئەوانیش لە چوارچێوەی ئێراندا وەک لایەنێکی قانونی نەناسراوە، باس کردن لە کارتی هەڵبژاردن وەک دەرفەتێکی سیاسی نەک هەر خۆفریودانە، بەڵکوو ئەگەری ئەوی هەیە ئەو هێزەی یاری بەو کارتە دەکات پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی تووشی جۆرێک سەرلێشێواوی و ناهومێدییش بکات.

هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەتا ئەو کاتەی بە شێوەی قانونی ڕێگایان پێ نەدرێ، لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا چالاکی بکەن، ناتوانن هەڵبژاردن وەک کارتی دانووستان بەکار بێنن.

### بۆچی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردندا گرینگە؟

کۆماری ئیسلامی وەک خۆی دەڵێت، لە دوو چەمک پێکهاتووە ١: ئیسلامی ٢: کۆماری

بەردەوام ڕێژیم ڕەوایی خۆی چ لە سیاسەتی نێوخۆییدا و چ لە سیاسەتی دەرەکیدا، لە یاری کردن لە نێو ئەو دوو چەمکەدا بەرهەم دێنێ، ئەوەی خەڵکانێک تەنیا بە "وەعدەی گوێلک بڕینەوە" و یان ترسی نابەجێ لە دەزگای سەرکوتی ڕێژیم، بەشداری لە هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی دەکەن، لە ڕاستییدا تەنیا دەرفەتێک دەخەنە بەردەم ڕێژیم کە لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکییدا باشتر بتوانێت کایە بە چەمکی "کۆماری" بکات.

هۆکاری ئەوەی تەواوی سەرۆک کۆمارەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری خامنەیی وەک خائین بە کۆماری ئیسلامی ناسراون، بەڵام بەردەوام خامنەیی لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا پێداگرە لەسەر ئەوەی : "گرینگ ئەوەیە ڕێژەی بەشداربووان زۆر بێت" و تەنانەت دەڵێت: ئەگەر باوەڕت بە کۆماری ئیسلامی نییە، خۆ ئێرانی هەیت، کە وایە بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، ئەوەیە کە بەشداریی ڕێژەی بەرچاو لە هەڵبژاردنەکاندا دەرفەتی یاری کردن بە چەمکی "کۆماری" بۆ کۆماری ئیسلامی لە دوو ئاستی سیاسەتی دەرەکی و نێوخۆیدا دەخولقێنێت.

ئەگەر چەند هەڵبژاردن ڕێژەی بەشدار بوو تێدا کەم بێت، بێگومان ڕێژیم بۆ ئەوەی چەمکی "کۆماری " بوونی خۆی بسەلمێنێت و بتوانێ ئەو ڕەهەندە بۆ کایە سیاسییەکانی کراوە بێڵێتەوە، ناچارە بۆ ئەوەی خەڵک بکێشێتە سەر سندووقی دەنگدان، دەبێ هێندێ ئاڵوگۆڕ بە کردەوە بکات، لێرەدا ئامانج لە تەحریمی هەڵبژاردن ئەوەیە کە ڕێژیم ناچار بکرێت لانیکەمی ئاڵوگۆڕی دڵخوازی خەڵک بێنێتە دی، چون وەک باسی لێکرا، دەنگدان و هەڵبژاردنی کاندیدای ڕیفۆرمخواز یان بناژۆخواز هیچکام لە لانیکەمەکانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستانی نەهێناوەتە دی، بۆ وێنە لە هەڵبژاردنی دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ هەتا ئێستا کە ٢٠ ساڵ و ٦ هەڵبژاردن لە خۆ دەگریت، کاندیدای ڕیفۆرمخوازەکان بەڵێنی بەڕێوەبردنی مادەی ١٥ و ١٩ دەستووری کۆماری ئیسلامی دەدات، لەگەڵ ئەوەی بەردەوام لە کوردستان بەو بەڵێنەوە دەنگی هێناوەتەوە، بەڵام هیچکات، بەڵێنەکەی بەجێ نەگەیاندووە، کەوایە دەنگنەدان بێگومان لە درێژخایەندا دەبێتە، هۆی ئەوەی کە ڕێژیم بۆ ئەوەی کارتی کۆماری بوونی لە نێو گۆڕەپانی سیاسەتدا نەسوتێ، ئاڵوگۆڕی جیددی و دڵخوازی خەڵک پێکبێنێت، تەنانەت ئەگەر هێزێکی سیاسی نەبێت کە ئەو دڵخوازییانەی خەڵک لە ویستی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ویستی سیاسی وەرگێڕێتەوە.

### قسەی کۆتایی

بابەتی کۆتایی ئەوەیە، "هەڵبژاردن" دەبێ بەپێی قەوارە و پێگەی خۆی لێکدانەوەی بۆ بکرێت و هەڵبژاردن لە هەموو کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکدا ئالیەتێکە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نەرم ئاڵوگۆڕ لە کردار و ڕوانین و بۆچوونی بازنەی دەسەڵاتدا ساز بکرێت، ئەگەر هەڵبژاردنێک ئەو تایبەتمەندییەی نەبێت ، دیارە هیچ بایەخ و پێگەیەکی نامێنێ. کە وایە هەڵبژاردن بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی ستراتژی نییە، بەڵکوو ئالیەتێکە کە بەپێی بەرژوەندی، دەبێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

١ دەقی نامەی ١٢٧ نوێنەری مەجلسی کۆماری ئیسلامی پاش ئەوەی "لێژنەی تەناهی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی " کە ئەو کات بڕپرسەکەی حەسەن ڕۆحانی بوو بڕیاری لەسەر دا، لە هەموو بلاڤۆکەکانی نێو ئێران خۆیان لە بڵاوکردنەوەی پاراست و هەواڵنێری ئیسنا کە لە ماڵپەرەکەیان بڵاوی کردبۆوە لەسەر لاپەرەکەی خۆی لایبرد.

بەشی کۆتایی

# گرێچنی هونەر و شۆڕش

## هونەرمەند قادر ئەلیاسی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ژووری پێشمەرگە و ڕاسان - ئەدەب و هونەر

دیمانە: هیوا میرزایی
ئا: سارا پارسا

**ڕۆڵی هونەر و بە تایبەت گۆرانی و سروود لە خەباتی حەقخوازانە و شۆڕشگێڕیدا چۆن دەبینن؟**

بە گشتی دەتوانم بێژم هونەر بەپێی دەرەتانێک کە هەیبووە لە شۆڕشی نەتەوەکەماندا لە خەباتی نەتەوەکەماندا، پێگەیەکی تایبەت و لە ڕاستیدا ڕۆڵێکی یەکجار هەستیار و سەرەکیشی هەیە. بەڵام ناکرێ لە پاڵ ئەوەدا کە ئێمە باسی خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەکەمان دەکەین، هونەر بە کەرەستەیەکی ڕۆڵگێڕ لەو خەباتەدا وێنا بکەین، بەڵام نەڵێین هەندێجار ڕەنگدانەوەی هونەر لە دەنگ و ڕەنگەکاندا زۆر جار پشتگوێ خراوە. ئەتوانم بێژم لەم قۆناغەدا کە باسی ڕاسان کراوە و لە سەرهەڵدانی ڕاساندا کە درێژەی خەباتی قۆناغەکانی پێشووی شۆڕشەکەمانە، شێعری شاعێران، پەیڤی دەنگبێژان و مەقام بێژان و سروود خوێنان هاتە کایەوە، بەڵام زۆرجار ڕەنگدانەوەی دەنگ و ڕەنگی شۆڕشگێڕانی هونەرمەند و پەسنبێژیی و هەڵسانگاندن و نرخاندنی هونەر لە سیستمی دەنگ‌وڕەنگ و لە پەیڤ و لێدوانەکانی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتدا بەرچار نابینم. بۆیە لەگەڵ ئەم تێبینیەمدا ئەتوانم بێژم هونەری گۆرانی و سروود و شێعر و پەخشان و ئەدەبی شۆڕشگێڕی و خۆڕاگری و بەرخۆدان و بە گشتی ئەدەبی بەرگری، قرمژنی چەکی پێشمەرگە و دەنگی دلێری خەڵک لە شەقامەکان لەئاست دوژمنی داگیرکەر و شەوەزەنگەکەی بەرزتر و بەهێزتر دەکات و دەیکات بە ڕۆژی ڕووناک و هیوا بە خەڵک دەبەخشێت.

دەتوانم بێژم مادام هەموو ژانرە هونەرییەکان گرێچنێکن کە دەتوانن هەوێنی شۆڕش و خۆڕاگری بن، ئەتوانین بێژین ئەم هونەرە، ئەم دەنگە، ئەم سروودانە، پێکەوە ئامانجگەلێک دەپێکن کە ئەم ئامانجانە یانی بەرخۆدان، یانی زیندوو بوونەوە، یانی بووژانەوە، یانی هورێزان و هەربۆیەش ڕۆڵی هونەر بەگشتی و هونەری شۆڕشگێری و سروودی شۆڕشگێڕی هەموو جارێک و هەموو کاتێک بەپێی دەرەتانێك کە بۆی ڕەخسابێ توانیویەتی ڕۆڵی خۆی بگێڕێ و پانتاییەکی جوان لە خەباتی هونەریی دەروەست شانبەشانی پێشمەرگە و شانبەشانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلەکەی بۆ خۆی تۆمار بکات.

**کاک قادر، جەنابت و کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکە وەک کاک ناسر ڕەزازی و نەجمەدین غولامی و ... جیا لەکاری هونەری بۆ سەردەمانێک پێشمەرگە بوون و ئێستایش هەر پێشمەرگەی بواری هونەرن، بەڵام لە بەرانبەر ئێوەدا کەسانێک هەن کە بە خۆیان و هونەرەکەیانەوە لە خزمەت داگیرکەر و دوژمنانی گەلەکەماندان، ئێوە چۆن ئەم کەسانە هەڵدەسەنگێنن؟**

من ڕاستەوخۆ ڕەنگە وەڵامی پرسیارەکەت نەدەمەوە بۆ ئەوەی ناوی کەسەم نەزڕاندبێت. ئەتوانم بێژم ئەو کەسانەی کە لە هونەری بەرگریی میللەتەکەیاندا بوونە چ وەک گۆرانی یان سروودی شۆڕشگێڕانەیان وتبێت، توانیویانە دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی گەلەکەیان و دژی داگیرکەر بوەستنەوە. ئەوانە بەهەر پێودانگێک هەڵسەنگاندنەکەیان لە پرسیارەکەی جنابەتدا هاتووە، بەڵام ئەوانەی کە ئەبن بە دەنگبێژ و ئەبن بە پەسنبێژی داگیرکەر، لە ڕاستیدا ئەوانە هەم دەنگەکەیان و هەم پەیڤەکەیان بە بوون و نەبوونی ئەو داگیرکەرەوە بەندە، ئەو کەسەی کە پشت دەکاتە میللەتەکەی، لەگەڵ نەمانی دیکتاتۆر ناوی دەمرێت، ئەوانە شەرمەزاریان بۆ ئەمێنێتەوە. مامۆستا هێمن بە شا ئێژێت "دە بڕۆ ئەی شای خائین بەغدا نیوەی ڕێگەت بێت". هونەر ئەگەر سەرچۆپیکێشی شایی و گۆڤەندی میللەتێک نەبێت، شێنگێڕی لەدەست دانی ئازیزانی نەبێت، ئەو هونەرە لە ڕاستیدا هونەری خەڵکی نییە. شاعیر لەتیف هەڵمەت دەڵێت؛ "ئەگەر هونەر وەکوو مین لەژێر پێی داگیرکەراندا نەتەقێتەوە ئەو هونەرە بۆ چییە". دیارە لەتیف هەڵمەت لەو شێعرەدا ئاماژە بە شێعرەکانی "ئەحمەد مۆختار جاف" دەکات و لەوێدا دەڵێ؛ "هاوڕێم هێشتا شین و ناڵین و گریان نەبڕاوە لە کوردستان- هێشتا سکەی ئاسن نەگەیشتووەتە هەورامان" بۆ؟ لەبەر ئەوەی شاعێرەکان باسی زۆڵفی لۆلۆ و پرچی پەرێشان دەکەن، باسی ئەگریجەی خاو دەکەن، بۆیە دەڵێ؛ "شاعێر چییە گەر دڵداری نیشتمان نەبی، شێعر چییە و بۆچی ئەشێ گەر لە ژێر پێی داگیر کەردا وەکوو مین نەتەقێتەوە". شێعر و پەیڤی گۆرانی ئەگەر نەبوو بە هەڕەشە دژی داگیرکەر و مەرایی بۆ داگیرکەر بکات، ئەوە ئیتر هەڵسەنگاندنەکەی لە بازنەی خۆدۆڕاندن و خۆفرۆشی زیاتر هیچی دیکەی تێدا سەوز نابێت.

**مامووسا گیان ئیوە خوەدان مناڵئ ناوچەی زەهاو و کرماشانین، نەزەردان لە بارەی هونەرمەندەیلئ ئی بەش کوردستانە چەس و ئەڕا ئیمە کارەیلئ نەتەوەیی و شووڕشی لە ناویان کەم دۆنیمن؟ ئی کیشە وە خاتر پەیوەندی لاواز حزبەگان و چالاکەیلە یا مەمریکتر دیری؟**

ئەو مەنتەقە لە ناوچەگەلترئ کوردستان جیا نییە. هەر ئەو جوورە لە سوئاڵەگە باسی کردیتە لە ڕاسیا هونەر ناوچەی زەهاو و کرماشان و ئیلام و تا لۆرستانیش هونەرئ بکر و (زندە) زێنیێەکە، ئیمە کووڵەکە یا دیرەک یا بیشم ستوونئ هونەرئ گورانی کوردی دیریم، دو ستونئ هونەرئ گورانی کوردی ها لە ناوچەی کرماشان و ئیلام، یەکیان "هورە"س، ئەوەکەی تریشیان کە هاوبەشە وە گەرد مەقامگەلئ مەنتەقەی گەرمیان. نموونەی مەقامەیلئ ئەڵڵاوەیسی، قەتار و خاوکەر، خۆرشیدی و...،لەو مەنتەقە موور دیریم، چەمەرانە دیریم، هونەرئ لاوانەوە یا هونەرئ سوزدار ئەڕای ئەزیرگەیلئ لەدەست چیمان، ئەرای سوارگەلی کە وەختئ خۆی سەرسوار بین و تێنەستنە لە ناو مردما شانیان لە شان مەردمتر کەڵێنتر بوو. دەلیلئ نەوینئ گورانی شووڕشگێڕی یا سروود لەو مەنتەقە، دەلیلئ بوینئ دیکتاتوورییە. توێنیم بویشیم لاوازی چالاکی و جموجویلئ حزبەگانیش بی نەخش نییە.

**تێبینی: دواپرسیاری ئەم وتووێژە بە شێوەزاری کەلهوڕی ئاراستە کراوە و وەڵامەکەشی لە لایەن بەڕێز قادر ئەلیاسییەوە هەر بەو شێوەزارە دراوەتەوە.**








مێژووی ئایینەکان کۆی لێدوانەکانی عەلی شەریعەتییە کە وەک وانە لە ناوەندە ئایینییەکانی ئێران وتوویەتیەوە و نێوەرۆکی ئەم کتێبە ناساندنی ئایینە سەرەتاییەکان تا ئەمڕۆیە.
لەم کتێبەدا هەوڵ دراوە شیکاری بۆ فەلسەفەی بوونی ئایینەکان بە پێی سەردەم و شوێن و پێکهاتە مرۆییەکانی ئەو ئایینە بکرێ تا خوێنەر هەم ئایینەکان بناسێ و هەمیش لەگەڵ جۆری تێڕوانین و بیرکردنەوەی مرۆڤە سەرەتاییەکان ئاشنا بێ.
ئەم کتێبە بەنرخە لە لایەن هیوا میرزایی، کادری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. لە پاش وەرگێڕانی کتێبی "زەردەشت و ئایینیی بێهدینان"، ئەمە دووهەمین بەرهەمی وەرگێڕدراوی کاک هیوا میرزاییە.
شایانی باسە ئەمە بەرگی یەکەمی ئەم بەرهەمەیە و وەرگێڕانی بەرگی دووهەمیشی لە لایەن وەرگێڕەوە ئامادەی چاپ کراوە.
وێڕای دەستخۆشی لە کاک هیوای پێشمەرگە و خامە ڕەنگین، هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازین.





KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:700 6 may 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

**ئاژانسی هەواڵدریی کوردپا لە بەرەبەری دوازدەهەمین دەوری بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا نموونە بەرچاوەکانی ئاماری پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانی بە شێوەی هێڵکاریی ٦ مانگە خستەڕوو کە هێمایەکن لە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لە دەوڵەتی حەسەن ڕۆحانیدا، کە بەم چەشنەن:**






















